پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

ئایاری 2018

پەیپەری ژمارە/ ٤ – ٢٠١٨

# هەژموونی ئابوری چین  و کاریگەری بەسەر گۆڕانکارییە جیهانی و هەرێمایەتیەکانەوە

بیلال ئیسماعیل حەمە

ئینسیستوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی – MIRS -
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co
تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٥٤٩٠٥ یان ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤
http://www.mirs.co/

# هەژموونی ئابوری چین و کاریگەری بەسەر گۆڕانکارییە جیهانی و هەرێمایەتیەکانەوە

بیلال ئیسماعیل حەمە
ماستەر لە کارگێڕی گشتی



## ناوەڕۆک

پێشەکی ............................................................................................................................................ ٤
تەوەری یەکەم: چین لە دەوڵەتێکی کشتوکاڵیەوە بۆ زلهێزێکی جەمسەریی ئابوری.......................................................... ٥
تەوەری دووەم: پەیوەندیەکانی چین و یەکێتی ئەوروپا.............................................................................................. ٧
١,٢ سەرەتای پەیوەندیە ئابوریەکانی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا............................................................................... ٧
٢,٢ ئەوروپا وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی................................................................................................................ ٨
٢. ٣ یۆرۆ وەک ئەلتەرناتیڤی دۆلار لە پەیوەندیەکانی چین و یەکێتی ئەوروپادا ............................................................... ١٠
٢. ٤ ئاسایشی وزە و پەیوەندیەکانی وزە.................................................................................................................. ١١
تەوەری سێیەم: چین و روسیا، بلۆکێکی نوێی جیهانیی.............................................................................................. ١٢
تەوەری چوارەم: هەژمونی ئابوری چین لە ئەمریکای لاتیندا ........................................................................................ ١٤
٤. ١ چین چۆن گەیشتە ئەمریکای لاتینی؟................................................................................................................ ١٤
٤. ٢ هەژمون و رۆڵی ئابوری چین لە ئەمریکای لاتیندا ................................................................................................ ١٦
تەوەری پێنجەم: پێگەی ئابوری چین لە کیشوەری ئەفریقادا......................................................................................... ١٧
٥. ١ مێژووی پەیوەندی چین و ئەفریقا...................................................................................................................... ١٧
٥. ٢ قەبارەی ئاڵوویری بازرگانی نێوان چین و کیشوەری ئەفریقا:.................................................................................. ٢٠
تەوەری شەشەم: چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........................................................................................................ ٢٣
٦. ١ هەمەچەشنەیی بەرژەوەندیەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .............................................................................. ٢٣
٦. ٢ بەدەستهێنانی هاوبەشی بازرگانی و دوورکەوتنەوە لە ململانێکان.............................................................................. ٢٧
تەوەری حەوتەم: پاشەکشەی ئەمریکا لە سەرکردایەتیکردنی بازاڕی کراوەی جیهانیدا .................................................... ٢٩
تەوەری هەشتەم: رێگای ئاوریشمی نوێ (پشتێنەی نوێی ئابوری) ................................................................................. ٣٢
٨. ١ پرۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێ........................................................................................................................ ٣٢
٨. ٢ ئامانج لەم پرۆژەیە............................................................................................................................................ ٣٤

٨. ٣ پشتێنەی ئابوری: شۆڕشێکی ئابوری ........................................................................................ ٣٧
تەوەری نۆیەم: هەرێمی کوردستان لە کوێی ستراتیژی چیندایە ..................................................................... ٤٠
دەرئەنجام: .................................................................................................................................. ٤٤
لیستی سەرچاوەکان: ......................................................................................................................... ٤٦

## پێشەکی

مۆدێلی گەشەی ئابوری چین لە جیهاندا بە مۆدێلێکی ناوازە تەماشادەکرێت، بە جۆرێک لە ماوەی نزیکەی (٦٠) ساڵدا لە دەوڵەتێکی کشتوکاڵی بێ ژێرخانی ئابوری و وڵاتێکی وێران و ماندووی دەستی داگیرکەر و جەنگی ناوخۆییەوە ببێتە دووەمین هێزی ئابوری جیهان لە پاش ویلایەتە یەکگرتووەکان. خێراترین ئابوری گەشەسەندوو، کە بە تێکڕای ساڵانە (١٠%) دە لە سەد گەشەی کردووە. ناپلیۆن دەڵێت: "چین شێرێکی نووستوە، وازیلێبێنن با بنوێت، لەبەرئەوەی کاتێک کە بەخەبەر دێت هەموو جیهان دەهەژێنێت"، لە ساڵی (٢٠١٤) دا سەرۆکی چین "شی جین پینگ" ئەوەی راگەیاند کە شێرەکە لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا بەخەبەرهاتووە، و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی پێگە مێژوویەکەی دەدات وەک هێزێکی باڵادەست لە ئاسیادا.

بەشێوەیەکی چالاکانە چین لە سەرانسەری جیهاندا کاردەکات بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی و فراوانکردنی هێز و دەسەڵاتی خۆی، ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە ئەمریکا پێشەنگ بێت وەک لە حاڵەتی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا، لە بری ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین لە ئێستادا کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کامیان زیاتر دەبنە هێزێکی پەسەندی جیهانی.

چین شادەماری ئابوری خۆی لە حەوزی روباری (میکۆنگ)[1] ەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا داچەقاندووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژیەکانی. لە میانی دامەزراندنی دامەزراوەی دارایی هەرێمی نوێوە، یەکین رووبەڕووی سیستمی جیهانی پاش جەنگی جیهانی دووەم دەبێتەوە کە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دامەزراوە. لە رێگەی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ دروستکردنی رێگاکان، هێڵە ئاسنینەکان، بەندەرەکان، و هێڵەکانی کارەبا – رێگای ئاوریشمی نوێ تێپەڕدەبێت بە ناو ئۆراسیا و دەریای باشوری چین و ئۆقیانوسی هیندیدا – چین ئامانجی ئەوەیە هاوسێکانی راکێشێتە ژێر رکێفی خۆیەوە. تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە و چین دەیەوێت لە هەموو جێگەیەکی ئەم جیهانەدا رۆڵ و پێگەی هەبێت. هەروەها دەیەوێت سیستمی نوێی جیهانی بە رابەرایەتی ئەمریکا بگۆڕێت، واتە ئەو سەردەمە بەسەر چووە ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە هێزی پێشڕەوی جیهان بێت.

لێرەوە ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی رۆڵی چین لە جیهاندا لە رووی ئابوری و تارادەیەکیش لە لایەنی سیاسیەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات سەبارەت بە بەرژەوەندیەکان و ستراتیژی چین لەگەڵ گەورە زلهێزێکی وەک رووسیا و کیشوەرێکی گرنگ و کاریگەری وەک ئەوروپا سەرەڕای گرنگی و ئاستی پەیوەندیەکانی کە وەک تۆڕێک وایە لە سەرانسەری جیهاندا، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەوەی چین لە جیهاندا چی دەکات و بۆچی ئەنجامی دەدات؟ چین لە وەدەستهێنانی ئامانجەکانی و گەشەکردنیدا پشتی بە ئامراز و هۆکاری ئابوری بەستووە یاخود هێزی سەربازی و بەشداریکردن لە جەنگەکاندا؟ ئایا رۆڵ و کاریگەری چین لە

[1] ئەم روبارە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئاسیا و درێژیەکەی (٤،٣٥٠) کیلۆمەترە و بە پارێزگای یونانی چین، و دەوڵەتەکانی میانمار، لاوس، تایلەند، کەمبۆدیا، و ڤێتنامدا تێدەپەڕێت.

رووی ئابوری و سیاسیەوە چیە لە جیهاندا؟ ئامرازی دەستی چین چیە بۆ فراوانخوازی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی لە سەردەمی نوێدا؟ کورد لە کوێی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی چیندایە؟ لە نۆ تەوەری جیاوازدا هەوڵدەدەرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

## تەوەری یەکەم: چین لە دەوڵەتێکی کشتوکاڵیەوە بۆ زلهێزێکی جەمسەریی ئابوری

بەهۆی ئەو دەرئاسا ئابوریەی چین لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستی هێناوە، بووەتە هۆی ئەوەی مۆدێلی چینی ببێتە مۆدێلێکی جیهانیی ناوازە، بە جۆرێک لە پاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووەمین گەورەترین هێزی ئابوری جیهانە، بە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی زیاد لە (١١) یانزە ترلیۆن دۆلار لە ساڵی (٢٠١٧) و بە گوێرەی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی. لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا بە خێراترین ئابوری گەشەسەندوو دادەنرێت کە تێکرا ساڵانە ١٠ لە سەد گەشەی کردووە.[٢] بە جۆرێک وەک کارگەی جیهان ناوی دەبرێت و وایلێهاتووە بوترێت ماڵێک نیە لەم سەر زەمینە بەرهەمی چینی تێدانەبێت، لە کاتێکدا لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بە هەژاری و خراپی دۆخی ژیان دەناسرایەوە.[٣]

دەرکەوتنی چین لە سەردەمی مۆدێرنەدا وەک دووەمین هێزی ئابوری لە جیهاندا بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستیەوە بوو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا. سەرکردە نوێیەکان لە چیندا دەستیان کردەوە بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئابوری چین پاش وێرانبوون و دارمانی بەهۆی جەنگە ئیمپریالیەکان و سەرمایەدارە رۆژئاوایی و یابانیەکانەوە.[٤] لە کۆتایی سیەکانی سەدەی بیست چین لە داگیرکاری یابانی رزگاری بووە و کەوتووەتە نێو جەنگێکی ناوخۆیی وێرانکەرەوە لە نێوان شوعیەکان و کۆمنتانگەکاندا، کە بە سەرکەوتنی حیزبی شیوعی کۆتایی پێهات و دەوڵەتی چینی نوێ لە ساڵی ١٩٤٩ دا دامەزرا، و بە خێرایی دەستکرا بە بونیادنانی دەوڵەتە نوێیەکە هەتاوەکو شۆڕشێکی رۆشنبیری گەورە لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوودا سەریهەڵدا،[٥] ئابوری چین لە دامەزراندنی دەوڵەتی چینی نوێوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

---

[٢] ماهيناز الباز (٢٠١٧)، الاقتصاد الصيني، لمحة تاريخية عن تطور الاقتصاد الصيني، abeqtisad: https://abeqtisad.com/reports/china-economic-history/

[٣] محمد الحمامصي (٢٠١٧)، قراءات في الاقتصاد الصيني يكشف سر أكبر اقتصاد في العالم، alarab: https://alarab.co.uk/%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%A1%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86%D9%8A-%D9%8A%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%B3%D8%B1-%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85


[4] Prof. James Petras (2018) China: Rise, Fall and Re-Emergence as a Global Power: https://www.globalresearch.ca/china-rise-fall-and-re-emergence-as-a-global-power/29644

[٥] محمد الحمامصي (٢٠١٧)، قراءات في الاقتصاد الصيني يكشف سر أكبر اقتصاد في العالم، alarab: https://alarab.co.uk/%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%A1%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86%D9%8A-%D9%8A%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%B3%D8%B1-%D8%A3%D9%83%D8%A8%D8%B1-

- مۆدێلی ئیشتراکی و ئابوری مەرکەزی (١٩٤٩ – ١٩٧٧).
- ئازادی ئابوری و سیاسەتەکانی چاکسازی (١٩٧٨ – ١٩٨٨).
- تەجمیدکردنی چاکسازی (١٩٨٩ – ١٩٩١).
- بەردەوامی چاکسازی (١٩٩٢ – کاتی ئێستە).[٦]

پرۆفیسۆر (جەیمس پیتراس) سەرەتای داینامیکی گەشەی چین وەک هێزێکی ئابوری لە سەردەمی نوێدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٠)، لەو کاتەوەی چاکسازی لە کەرتی کشتوکاڵدا ئەنجامدرا، دەرئەنجامی ئەو چاکسازیەش بریتی بوو لە دابینکردنی زەوی و ژێرخانی ئابوری و دڵنیایی و پاڵپشتی تەکنیکی بۆ سەدان ملیۆن لەوانەی زەویان نەبوو، جوتیارە هەژارەکان، و کرێکارە گوندنشینەکان بە پێچەوانەی ئەوەی ئابوریناسە رۆژئاواییەکان و نیولیبراڵە چینیەکانەوە دەیگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠.[٧]

**شێوەی ژمارە ١. ئابوری جیهانیی بە گوێرەی کۆی بەرهەمی ناوخۆی دەوڵەتان**




**سەرچاوە: داتابەیسی گەشەی جیهانی، بانکی نێودەوڵەتی**

---

%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85

[٦] ماهيناز الباز (٢٠١٧)، الاقتصاد الصيني، لمحة تاريخية عن تطور الاقتصاد الصيني، abeqtisad: https://abeqtisad.com/reports/china-economic-history/

[7] Prof. James Petras (2018) China: Rise, Fall and Re-Emergence as a Global Power: https://www.globalresearch.ca/china-rise-fall-and-re-emergence-as-a-global-power/29644

چین لە ئێستادا وەک هێزێکی ئابوری لە سەرانسەری جیهاندا بوونی هەیە و بەردەوامیشە لە گەشەسەندن، بە جۆرێک ویلایەتە یەکگرتووەکان چین بە رکابەری خۆی دەزانێت، دەرکەوتنی چین بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە جیهان بەرەو دوو جەمسەرگیری هەنگاوبنێت. باڵادەستی چین لە جیهاندا گەیشتووەتە ئاستێک وەک کۆڵەیەکی سەرەکی بازاڕی جیهانی پێناسە بکرێت لە بەرامبەر بە سێنتەربوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جەنگەکانی جیهاندا. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستمی چینی ئامانجی جەنگ نیە بەڵکو ئامانجەکەی بریتیە لە دەوڵەمەندبوون و بەهێزبوونی چین،[8] بۆ ئەوەش هۆکاری ئابوری و رۆشتنە نێو بازاڕەکانی جیهان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت.

گەشەی خێرای ئابوری چین بونیادنرابوو لەسەر بەرەوپێشبردنی بازاڕی ناوخۆیی، گەشەی خێرا و پێگەیاندنی کادرە زانستیەکان، و تەکنیککار و کرێکاری بەتوانا و لێهاتوو، هەروەها تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە چینی کرێکاران و جوتیارانی دەپاراست و بەرەوپێشی دەبردن.[9] وەرچەرخانی گەورە لە ئابوری چیندا لە ساڵی (١٩٨٠) دەستپێدەکات کە سەرەتای گۆڕانکاریەکی گەورەبوو لە ستراتیژی ئابوریدا، خۆی دەبینیەوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی چاکسازی و کرانەوە بە رووی بازاڕی دەرەک و وەبەرهێنانی بیانیدا، و بەتایبەتیکردنی هەزاران پیشەسازی و پرۆسەی تیشکخستنە سەر سامان لەسەر بنەمای ستراتیژیەتی دووبارە دروستکردنەوەی چینێکی ئابوری باڵادەستی پێکهاتوو لەو ملیاردێرانەی کە پەیوەندیان بە سەرمایەدارە بیانیەکانەوە هەبوو.[10]

## تەوەری دووەم: پەیوەندیەکانی چین و یەکێتی ئەوروپا

### ١,٢ سەرەتای پەیوەندیە ئابوریەکانی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا

سەرەتای پەیوەندیە ئابوریەکانی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٥) و لەو کاتەوە چین و کۆمیونیتی ئابوری ئەورووپی (European Economic Community) پەیوەندیەکی دوو لایەنەیان بونیادناوە. چین بووە بە گەورەترین هێزی ئابوری جیهانی لە رووی توانایی هێزی کڕینەوە (purchasing power parity) و کۆمیونیتی ئابوری ئەورووپیش بووە بە یەکێتی ئەوروپا.[11] لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە پەیوەندیەکانیان پەرە پێداوە و

[8] James Mcgregor (2017), How Trump Can Win With China: http://foreignpolicy.com/2017/02/03/towards-a-trump-pacific-partnership-a-way-forward-to-win-on-trade-with-china/

[9] Prof. James Petras (2018) China: Rise, Fall and Re-Emergence as a Global Power: https://www.globalresearch.ca/china-rise-fall-and-re-emergence-as-a-global-power/29644

[10] ماهيناز الباز (٢٠١٧)، الاقتصاد الصيني، لمحة تاريخية عن تطور الاقتصاد الصيني، abeqtisad: https://abeqtisad.com/reports/china-economic-history/

هەروەها:

Prof. James Petras (2018) China: Rise, Fall and Re-Emergence as a Global Power: https://www.globalresearch.ca/china-rise-fall-and-re-emergence-as-a-global-power/29644

[11] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

بەردەوام کۆنگرەی ساڵانەیان پێکەوە هەیە.[١٢] تەنانەت پەیوەندیەکانی نیوان چین و ئەوروپا لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥) لە لایەن (دەیڤید شامباو) بە مانگی هەنگوینی وەسف دەکرێت.[١٣]
لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٦) دا چین نزیکەی (١٦٤) ملیار دۆلار وەبەرهێنانی هەبووە لە یەکێتی ئەوروپادا.[١٤] ئەمەش لە ئازاری (٢٠٠٣) ەوە دەستپێدەکات، ئەو ماوەیەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان داگیرکردنی عێراقی ڕاگەیاند و زۆرێک لە سەرکردە ئەوروپیەکان توشی بێهیوایی بوون. بەهۆی ڕەفتارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا جەمسەرێکی دیکەی هێزیان بەدیکرد لە جیهاندا، ویستیان لەگەڵی بگونجێن و هاوسەنگی هێز لە جیهاندا ڕابگرن لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان. دەرئەنجامیش یەکێتی ئەوروپا چینی وەک هاوبەشی ستراتیژی خۆی ڕاگەیاند.[١٥] جگەلەوەش دوورکەوتنەوەی ترامپ لە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی و دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا وایکردووە چین بەشێوەیەکی هێمنانە بگاتە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا.[١٦] سەرەڕای ئەو ترسەی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە سەبارەت بە کاریگەریە نێگەتیڤەکانی گڵۆبالیزەیشن لەسەر نایەکسانی لە داهاتدا، کە بووەتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ هەر یەکە لە چین و یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی پەیوەندیە ئابوریە دوو لایەنەکانیان قوڵتربکەنەوە، ئەوەش لە ڕێگەی زیادکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان و هاریکاری لە بوارەکانی گۆڕانی ژینگە، وزە و کەش و هەوا، و حوکمی جیهانی، و هەروەها هاریکاریکردن لە بوارەکانی زانست، داهێنان، ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزاریە داراییەکان و ئاڵوویری سەرچاوەی مرۆیی لە نێوان یەکتردا.[١٧]

## ٢,٢ ئەوروپا وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی


چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و چیندا هەیە. کۆی بەرهەمی ناوخۆییان پلەی دووەم و سێیەمە لەسەر ئاستی جیهان (یەکێتی ئەوروپا ١٤,٧٢ ملیار یۆرۆ و چینیش ٩,٧٥ ملیار یۆرۆ بووە لە ساڵی ٢٠١٥ دا) لە پاش ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٦,٦٤ ملیار یۆرۆ). چین و یەکێتی ئەوروپا لە لایەنی دەرەکیەوە تەواوترین ئابورین لە جیهاندا، بازرگانی نێودەوڵەتی ساڵانەیان لە بواری شمەک و خزمەتگوزاریدا دەگاتە (١٥ ملیار یۆرۆ). بازرگانی دوولایەنەی ساڵانەیان لە بواری شمەک و خزمەتگوزاریدا لە ساڵی (٢٠١٥) دا لە (٥٨٠) ملیار یۆرۆدا

---

12 European Union External Action (2015): EU-China relations Timeline: https://eeas.europa.eu/headquarters/headquarters-homepage_en/15872/EU-China%20relations%20Timeline
13 David Shambaugh, ‘‘The ‘China Honeymoon’ Is Over,’’ New York Times, November 26, 2007, http://www.nytimes.com/ 2007/11/26/opinion/26iht-edshambaugh.1.8482459.html?_ r=0.
14 Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations
15 Mark Leonard (2005) Why Europe Will Run the 21st Century.
16 Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations
17 European External Action Service (2017), ‘Remarks by the High Representative Mogherini following the 7th EU–China Strategic Dialogue’, 19 April 2017: https://eeas.europa.eu/headquarters/headquarters-homepage/24821/remarks-high-representative-mogherini-following-7th-eu-china-strategic-dialogue_en

وەستاوە، لەگەڵ ئەوەی هەردوولایان بۆ یەکتر بوونەتە گەورەترین سەرچاوەی هاوردە و دووەم گەورەترین شوێنی ناردە.[18] لە ئێستادا بازرگانی رۆژانەیان تەنها لە بواری شمەکدا زیاترە لە ١,٥ ملیار یۆرۆ لە هەر رۆژێکدا.[19]

**شێوەی ژمارە ٢، یەکێتی ئەوروپا و چین گەورەترین سەرچاوەی هاوردەی یەکترین و دووەم گەورەترین هەناردەی یەکترن.**




**سەرچاوە: راپۆرتی هاوبەشی بروگیل، گەساماهاوس، ناوەندی چین بۆ ئاڵوگۆڕە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان، و زانکۆی هۆنگ کۆنگ.**

لە سێ لایەنەوە چین یەکێتی ئەوروپا وەک سەرچاوەیەکی ستراتیژی تەماشادەکات:

-یەکێتی ئەوروپا بازاڕێکە بۆ شمەکە چینیەکان

- سەرچاوەیەکە بۆ تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو

-سەرچاوەیەکی ئاسایشی خۆراکە کە ناتوانێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەدەستیان بێنێت.[20] تەنانەت پەیوەندیەکانی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا گەیشتووەتە ئاستێک بیر لە پێکهێنانی حوکمی جیهانی بکەنەوە، وەک چۆن راپۆرتی هاوبەشی (بروگیل، گەساماهاوس، ناوەندی چین بۆ ئاڵوگۆڕە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان، و زانکۆی

---

[18] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

[19] Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations

[20] Theresa Fallon (2014) China's Pivot to Europe Published online: 27 Jun 2014.

هۆنگ کۆنگ) ئاماژە دەکات بەوەی سەرکردەکانی هەردولا باوەڕیان وایە ڕێسای کاریگەری بونیادنراو لەسەر پەیوەندی دوو لایەنە پێویستە کرۆکی حوکمی جیهانی پێکبهێنێت.[21] سەرەڕای ئەوەش چین و یەکێتی ئەوروپا دوو کێبڕکێ کاری ئەمنی یەکتر نین.

## ٣.٢ یۆرۆ وەک ئەلتەرناتیقی دۆلار لە پەیوەندیەکانی چین و یەکێتی ئەوروپادا

بابەتی دارایی لایەنێکی گرنگی دیکەی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی ئەوریا و چینە. پەکین پاڵپشتی یۆرۆ دەکات وەک تاکە ئەلتەرناتیقی جدی دۆلار، و ئاڵوێری پەدەگە بیانیەکانی هەمەچەشن کردووە و لە (ئابی ساڵی ٢٠١١) ەوە خێراتر بووە – گەورەترین پەدەگی هەیە لە سەرانسەی جیهاندا – بە جۆرێک لە ئێستادا زیاتر لە سێیەکی پەدەگەکەی بە یۆرۆیە و کەمێک لە نیوە زیاتریشی بە دۆلارە، لە ساڵی (١٩٩٩) ەوە - لەو کاتەوەی یۆرۆ کەوتووەتە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراوەوە – پەدەگەکەی بە دۆلار نزیکەی ٣٠ لە سەد دابەزیوە. پەیوەندیە دارایی و نەختینەییەکانی چین و ئەوروپا قوڵتر بووەتەوە لەبەرئەوەی چین هەنگاوی سەرەتایی ناوە بۆ دوورکەوتنەوە لەو هەبوانەی کە لەسەر دۆلار وەستاوە و دەستیکردووە بە کرینی برێکی زیاتری قەواڵەکانی ناوچەی یۆرۆ بەتایبەتی قەواڵەکانی ئەڵمانیا کە بەراورد بە قەواڵەکانی گەنجینەکانی ئەمریکا دەستەبەری زیاترە. ئەم ستراتیژەی چین ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی چیتر دۆلار تاکە دراوی پەدەگی جیهانیی نیە.[22]

ئەم پاڵپشتیکردنەی چین لە یۆرۆ لێکەوتەی جیۆستراتیژی سەرەکی هەیە. لە بەرامبەریشدا ئەوروپا پاڵپشتی گەلێک لە خواستە نەختینەییەکانی چین دەکات. ئەورووپییەکان لە (کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥) دا بە کۆی دەنگ پاڵپشتی بڕیارێکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیان کرد سەبارەت بەوەی (ڕێنمینبی Renminbi) بخاتە نێو سەلەی دراوەکانەوە و مافی ڕاکێشانی تایبەتی هەبێت (Special Drawing Right)، کە بریتیە لە دراوێکی پەدەگی نێودەوڵەتی و هەر یەکە لە دۆلاری ئەمریکی و یۆرۆ و پاوەندی بەریتانی و یەنی یابانی لە خۆدەگرێت ئەمەش بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دادەنرێت وەک چۆن نیکۆلا کاسرینی ئاماژەی بۆ دەکات. ئەو بڕیارەش بەڕوونی بڕیارێکی سیاسیە. بەوەش یەکێتی ئەوروپا ویستوویەتی پەیامێکی دۆستانە بنێرێت بۆ چین، هەروەها دانپێدانانێک بەوەی چین ئەنجامیدا لە پاڵپشتیکردنی یۆرۆ لە ماوەی قەیرانی یۆرۆدا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩ – ٢٠١١) کاتێک یۆرۆ چەند هێرشێکی فرە لایەنەی کرایە سەر لە لایەن بانکەکانی سەر بە وال ستریت و سندوقی وەبەرهێنانە دەرەکیەکانەوە. لەو کاتەدا و لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا سەرکردە چینیەکات دەستوەردانیان دەکرد بە مەبەستی دڵنیاکردنەوەی بازاڕە داراییەکان لە ڕێگەی کڕینی قەواڵەکانی ناوچەی یۆرۆوە.

---

[21] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

[22] Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations

## ٢.٤ ئاسایشی وزە و پەیوەندیەکانی وزە

لە ئێستادا چین گەورەترین بەشی هەیە لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی سەرەکی وزەی جیهانیدا (نزیکەی ١٩ لە سەد بەرهەمدەهێنێت و زیاد لە ٢٣ لە سەد بەکاردەهێنێت)، یەکێتی ئەوروپاش پلەی سێهەمی هەیە لە پاش ویلایەتە یەکگرتووەکان. لە کاتێکدا گەشەی خێرای پێداویستیەکانی چین لە وزە و سیاسەتەکانی وایلێکردووە نزیکتر بێتەوە لە بازاڕە نێودەوڵەتیەکان. بەردەوام ئامانجەکانی زیاتر لەگەڵ ئامانجەکانی یەکێتی ئەوروپادا پەیوەست دەبێت، وەک میکانزمەکانی نرخ دانانی بازاڕ، حکومەت ڕۆڵێکی کەمتری هەبێت، برەودان بە کارامەییەکان.[٢٣]

بە ڕەچاوکردنی ئاماژە پێشوەختەکانی گۆڕانی سیاسەتی ئیدارەی ترامپ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە زۆر گرنگن، هەروەها داینامیکەکانی وزە لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و چین بە درێژایی چەند ساڵی داهاتوو پێشکەوتنە جیهانیەکان بەشێوەیەکی فراوان کاریان تێدەکات، بە تایبەتی لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. لە کەمپەینی هەڵبژاردندا (ترامپ) ڕەخنەی لە ئیدارەکەی (ئۆباما) گرت لەوەی کە بە تەنها تیشکی خستووەتە سەر سنوردارکردنی گەرمبوونی بەرگە هەواو و پیس بوونی ژینگە و بەرەو پێشبردنی وزەی نوێکراوە ( Renewable energy)، لە کاتێکدا هەر یەکە لە چین و یەکێتی ئەوروپا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بە بەردەوامی هەوڵەکانیان لە پێناو کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و ڕووبەڕووبونەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان تەنانەت بەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانیش. دۆناڵد تەسک (Donald Tusk) سەرۆکی کونسوڵی ئەورویی ئاماژەدەکات بەوەی بڕیاری کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی پاریس هەڵەیەکی گەورەیە.[٢٤] لە بری ئەوە سیاسەتی ئەمریکا لە ئیدارەی (ترامپ) دا پاڵپشتی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز دەکات لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە شوێنەوار و کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر بازاڕی جیهانی.[٢٥]

گۆڕانی ئەم چوارچێوەی جیۆپۆلەتیکی وزەیە، و ئەو پێکەوە گونجانە فراوانەی ئامانجە سیاسیەکانی یەکێتی ئەوروپا و چین، هەردولا زیاتر لە یەک نزیک دەکاتەوە بەمەش هاریکاریەکان لە نێوان یەکتردا زیاد دەبێت و ڕاوێژکاری نێوانیان سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی سیاسەتی جیهانی و جێبەجێکردنیان پێدەنێتە قۆناغێکی دیکەوە، هەروەها بە مەبەستی دەسەبەرکردنی پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی پرنسیپەکانی بەڕێوەبردنی وزەی جیهانیی هەر یەکە لە چین یان یەکێتی ئەوروپا پارێزگاریکردنێکی زیاتریان دەوێت لە بەرهەمی کەرتی وزە، هەردوولایان پاڵپشتیکەرێکی بەهێزی ڕێکەوتنی ناوەکین لەگەڵ ئێراندا، و هەردوولایان دەیانەوێت ئەوە ببینن

[23] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

[24] Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States:https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations

[25] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

سزاکانی سەر ئێران کەمبووەتەوە. کۆمپانیا چینیەکان بوونەتە وەبەرهێنێکی دیار لە ژێرخانی وزەدا لە جیهاندا (لە نێویشیاندا ڕێگای نوێی ئابوری چین بە درێژایی دەوڵەتانی تازە گەشەسەندووی سەر ڕێگاکە). لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە بۆ ساڵی (٢٠١٤) وەبەرهێنانی چین لە کەرتی وزەدا لە یەکێتی ئەوروپادا بە (١٨,١٧) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت ئەوەش (٣١,٢) لە سەدی کۆی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی چینیە. کۆمپانیاکانی چین لە یەکێتی ئەوروپادا ٤٠ لە سەدی داهێنانی جیهانیان هەیە لە بواری تەکنۆلۆژیای وزەی نوێ.[٢٦]

چین و یەکێتی ئەوروپا چەندین بابەت لە نێوان یەکتردا هاوبەشی پێدەکەن کە پەیوەندیدارن بە وزە و سیاسەتی ژینگەوە. لە ساڵی (٢٠١٦) دا یەکێتی ئەوروپا و چین (نەخشەرێگایەکی هاریکاری تایبەت بە وزە) یان مۆرکرد، کە هاریکاری و ئاڵوێری دولایەنە بەرەو پێش دەبات لە بوارەکانی ئاسایشی وزە، بونیادنانی ژێرخانی وزە، شەفافیەتی بازاڕ. ئامانجی ئایندەی نەخشەرێگاکە بەهێزکردنی هاریکاری دوولایەنە لە نەخشەکێشان، سیستمی وزەی نزمی کاربۆن، سیاسەت و یاساکانی تایبەت بە وزە، شێوازەکانی نرخدانان و میکانزمەکانی بەڕێوەبردن بە تایبەتی لە وزەی ناوکی و نوێکراوە. هەروەها لە میانی کۆبوونەوەی ساڵانەی لوتکەی نێوان یەکێتی ئەوروپا و چیندا لە (بروسێلس) لە (١ – ٢ ی حوزەیرانە ساڵی ٢٠١٧) دا هەردوولا هاوپەیمانێتیەکی سەوزی نوێیان پێکهێنا بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی گەرمبوونی جیهانیی بە دابەشبوونی زیاتری بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا ئەو ساتەش ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای جەمسەرێکی نوێی نێوان چین و یەکێتی ئەوروپا لە سیاسەتی جیهانیدا.[٢٧]

ماوەتەوە بوترێت هەردوولا پەیوەندیەکانیان توندوتۆڵتر دەکەن لە بوارەکانی ئاسایش و بەرگریدا. هەردوولا ئێستا کاردەکەن لەسەر ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانی ململانێ، و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، و بەدیهێنانی سەقامیگری لە پاش ململانێکان.

### تەوەری سێیەم: چین و روسیا، بلۆکێکی نوێی جیهانیی

چین و روسیا دوو هێزی کلاسیکن، ئەوان هەرگیز وەک ئێستا سودیان لەو ئاسایشە مەزنە نەبینیوە لە لایەن هێزە بیانیەکانەوە – روسیا لە نەیارە تراديشناڵەکانی لە رۆژئاوا و چینیش لە نەیارە تراديشناڵەکانی لە رۆژهەڵاتدا – ئەم دوو هێزە لەم سەردەمەدا ڕەزامەندنین بە پێکهاتەی هێزی جیهانیی. هەردوولا تێدەکۆشن بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ئەو هێزەیان کە لە ناوچەکانیاندا هەیانبووە. چین لە ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکانی وەک یابان و کۆریای باشور و دەوڵەتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا خواستی بەیجین پەسەند بکەن و بەگوێرەی بژاردە ستراتیژی و ئابوری و سیاسیەکانی چین مامەڵە بکەن، ئەوەش پاشەکشەی هێزی ئەمریکا

---

[26] Alicia García-Herrero, K.C. Kwok, Liu Xiangdong, Tim Summers and Zhang Yansheng (2017), EU–China Economic Relations to 2025 Building a Common Future, A Joint Report by Bruegel, Chatham House, China Center for International Economic Exchanges and The Chinese University of Hong Kong: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/09/CHHJ5627_China_EU_Report_170913_WEB.pdf

[27] Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations

له خۆدەگرێت له ڕۆژهەڵاتی ئۆقیانوسی ئارام. هەورەها سەبارەت به روسیاش باڵادەستی و هێزی دەگرێتەوە له ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا که مۆسکۆ به شێوەیەکی تراديشناڵی به بەشێک له ئیمپراتۆریەتی خۆی یان ناوچەی دەسەڵاتی خۆی دادەنێت. هەردوولا دەیانەوێت هەمواری نایەکسانی له دابەشبوونی هێز و دەسەڵات بکەنەوە له سیستمی جیهانیدا که له لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێت له پاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە. هەردوولا ویلایەتە یەکگرتووەکان به بەربەستی سەرەکی دەزانن له پێش ویستەکانیاندا لەبەرئەوە هەوڵدەدەن سیستمی ئاسایشی جیهانیی لاواز بکەن که ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکردایەتی دەکات و لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەوە وەستاوە که به بەش و چارەنوسی رەوای خۆیانی دەزانن.[28]
روسیا و چین ڕووبەڕووی چەند بەربەستێکی گەورە بوونەتەوە له بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و زاڵبوون بەسەریاندا ئەستەمە. بەربەستی سەرەکی بریتیه له هێز و پێکەوە گرێدراوی سیستمی جیهانی و رەواجپێدەر و بەرگریکارەکەیەتی به سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە سیاسی و سەربازیەکانی. سیستمەکە ویستەکانی سنوردار کردووە به هەردوو رێگەی ئەرێنی و نەرێنیەوە. له سەردەمی پێشەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا چین و روسیا بەشداریەکی گەورەیان هەبووە له سیستمی ئابوری کراوەی نێودەوڵەتیدا که ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستیکردووە و پاڵپشتی بەردەوامیدانی کردووە هەرچەندی ئەم سیستمە کاربکات ئەوان زیاتر بەدەستدێنن له میانی گەمەکردن تیایدا نەک له رێگەی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵگەراندنەوەی. هێزی سەربازی و ئابوری ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانکانی له ئەوروپا و ئاسیادا.
بەگوێرەی دونیابینی (ئیدارەکەی ترامپ) چین و روسیا دەیانەوێت دونیایەک پێکبهێنن دژبێت لەگەڵ بەها و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا. هەروەها چین هەوڵدەدات ئەمریکا دەربکات له ئۆقیانوسی هیندی و مۆدێله ئابوریەکەی خۆی فراوانتر بکات و سیستمەکە له ناوچەکەدا بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. ویلایەتە یەکگرتووەکان روسیا به نەیار دانانێت بەڵکو چین به مەترسی دەزانێت: دەوڵەتێکی داخراو و بەهێزە، تاکە هێزی ئەتۆمیە که گەنجینەکەی به تەواوەتی نادیارە.[29] سەرەڕای ئەوەش له بواری بەرهەمهێنانی مانگی دەستکردا چین به تەنها پشت به سەرچاوە ناوخۆییەکان دەبەستێت، و زیاد لەوەش بەرهەمەکانیشی لەو بوارەدا خستووەتە بازاڕە جیهانیەکانەوە که زەحمەتە بەرهەمەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کێبڕکێیان بکەن. له لایەکی دیکەشەوە ئەندامی کۆنگرێس ئەلێکس ستڤانیک ئاماژە بەوە دەکات هەیمەنەی تەکنەلۆژیای چین بووەتە واقیع. هەروەها چین بەشێوەیەکی زۆر باش ئامادەیە تەکنەلۆژیای مەدەنی بگوازێتەوە بۆ بواری سەربازی.[30]

---

[28] Robert Kagan (2017) Backing Into World War III: http://foreignpolicy.com/2017/02/06/backing-into-world-war-iii-russia-china-trump-obama/

[29] ألكسندر أتاسونتسيف وأنجيليكا باسيسين وغيورغي ماكارينكو وأرتيوم فيليبينوك (٢٠١٧): الصين تخيف الولايات المتحدة، روسيا اليوم: https://arabic.rt.com/press/916543-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%AA%D8%AE%D9%8A%D9%81-%D8%A7%D9%84%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%8A%D8%A7%D8%AA-/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D8%A9

[30] روسيا اليوم (٢٠١٨)، تقرير يكشف تخوف أمريكا من الصين ويهمل روسيا: https://arabic.rt.com/space/920719-%D8%AA%D9%82%D8%B1%D9%8A%D8%B1-%D9%8A%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%AA%D8%AE%D9%88%D9%81-

ئەم دوو دەوڵەتە پێکەوە کاردەکەن بۆ رووبەڕووبونەوەی باڵادەستی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاسیادا. بە گوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگەی لۆوی سەبارەت بە خشتەی هێز لە ئاسیادا و (٢٥) دەوڵەتی ریزبەندکردووە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری جیاواز بۆ پێوانەکردنی هێز و کاریگەری ئەو دەوڵەتانە لە ناوچەکەدا. بەشێوەیەکی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پلەی یەکەمدایە و (٨٥) خاڵی هەیە لە کاتێکدا چین تەنها (٧٥) خاڵی هەیە، هەروەها لە چەند کاتیگۆریەکدا وەک کاریگەری دیبلۆماسی و پەیوەندیە ئابوریەکان توانیویەتی لە پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بێت و لە هەندێکی دیکەدا نمرەکەی نزیکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەش بە سود بینین لە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ رووسیادا.[٣١] هەروەها هەردوولا هەوڵی بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی پەیوەندی دوو لایەنەی سەربازی و سیاسی دەدەن وەک بەشێک لە هەماهەنگی ستراتیژی بۆ رووبەڕووبونەوەی بەرژەوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.[٣٢]

سەرکردەکانی هەردوولا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە تێکشکاندنی جیهانێکی تاکە جەمسەری لە میانی پێکهێنانی دامەزراوەی جیهانێکی نوێی فرە جەمسەرەوە دەبێت، لە رێگەی گواستنەوەی ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەبێت. لە راستیشدا هاوبەشی ستراتیژی نێوان رووسیا و چین سیستمێکی نوێی جیهانیی هێناوەتە ئاراوە کە بونیادنراوە لەسەر ئاشتی و پەرەپێدان.[٣٣]

## تەوەری چوارەم: هەژمونی ئابوری چین لە ئەمریکای لاتیندا

### ١.٤ چین چۆن گەیشتە ئەمریکای لاتینی؟

سەرەتای وەبەرهێنان و کاری بازرگانی چین لە ئەمریکای لاتیندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١، ئەو کاتەی پەیوەندیکرد بە رێکخراوی بازرگانی جیهانیی (World Trade Organization) ئەمەش بووە هۆی ئاسانکاریکردن بۆ چین بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکات و لەبواری بازرگانیدا چالاک بێت لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتیندا.[٣٤] دواتر و لە ساڵی

---

%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%88%D9%8A%D9%87%D9%85%D9%84-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7/

[31] Tom O'connor (2018), U.S. Is Asia’s Strongest Power, But China Is Catching Up And Russia Is Helping, Newsweek: http://www.newsweek.com/g00/us-may-be-strongest-asia-china-catching-russia-helping-925780?i10c.encReferrer=aHR0cHM6Ly93d3cuZ29vZ2xlLmlxLw%3D%3D&i10c.ua=1&i10c.dv=14

هەروەها:

https://power.lowyinstitute.org/

[32] Tom O'connor (2018), Russia And China Militaries Reach ‘New Heights’ Together, Agree To Challenge U.S. In Middle East, Newsweek: http://www.newsweek.com/g00/china-russia-military-reach-new-heights-together-agree-challenge-us-middle-899689?i10c.encReferrer=aHR0cHM6Ly93d3cuZ29vZ2xlLmlxLw%3D%3D&i10c.ua=1&i10c.dv=14


[٣٣] طياب بالوش (٢٠١٧)، نموذج أمني عالمي جديد لعالم متعدد الأقطاب، مركز دراسات كاتيغون: http://katehon.com/ar/article/nmwdhj-mny-lmy-jdyd-llm-mtdd-lqtb

[34] Stephen Kaplan (2018), China is investing seriously in Latin America. Should you worry? Washingtonpost: https://www.washingtonpost.com/news/monkey-cage/wp/2018/01/24/china-is-investing-seriously-in-latin-america-should-you-worry/?utm_term=.3cb0379dcf40

٢٠٠٦ ەوە چین توانیویەتی بە بێ گرفت بگاتە کیشوەرەکە لە ڕێگەی پێدانی چەکە بانکیەکانەوە و بەبێ ئەوەی هیچ شوێنپێیەک لە پاش خۆی بەجێبهێڵێت و وەک دەستێکی شاراوە کاری کردووە، پاشان توانیویەتی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی (بەشی گەشەپێدانەوە) لە (ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و گەشە) چەند هاوپەیمانێتیەکی جیوستراتیژی بونیادبنێت لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتیندا. چین چەندین پارەدارکردنی گونجاوی پەیوەندیدار بە پلانەکانی نوێکردنەوەی پێشکەش بەو لایەنانە کردووە کە لەگەڵ ویستە ئابوریەکانی خۆیدا دێتەوە. لە بەرامبەریشدا مافی بەکارهێنانی ئەو ماددە سەرەتاییانەی هەبێت لەو دەوڵەتانەدا هەن کە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزی بونیادنانەوەی ئابوری پێویستن.[35]

بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندیەکانی نێوان چین و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و دەریای کاریبی دینامیکیەتی زۆری پێوەدیارە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، کارلێکێکی سیاسی و دیپلۆماتی گرنگ بەدیدەکرێت، بەجۆرێک گەیشتووەتە ئاستێکی جۆریی لە بوارەکانی کلتوری و ئابوری و سیاسیدا.[36] بەمجۆرە پاش ئەوەی ناوچەی ئەمریکای لاتینی لە ساڵی (١٩٩٢) ەوە کەمتر لە یەک لە سەدی کاروبارە بازرگانیەکانی چینی لە خۆدەگرت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات توانیویەتی لە گەورە هێزێکی ئابوری ئاسیایەوە ببێتە دووەمین هاوبەشی بازرگانی لە ناوچەکەدا و چوارەمین شوێنی جیهانە کە چین کاڵا و بەرهەمی خۆی تێدا ساغدەکاتەوە و هەر یەکە لە بەرازیل و شیلی و پیرۆ بە هاوبەشی سەرەکی بازرگانی چین دادەنرێن.[37]

**شێوەی ژمارە ٣. بەشی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنانی چین لە ئەمریکای لاتین و دەریای کاریبیدا بەردەوام بەرزدەبێتەوە**




**سەرچاوە: وەزارەتی بازرگانی چین**

[35] دییغو هیرانز (٢٠١٨): كیف وصلت الهیمنة الاقتصادیة الصینیة إلى أمریكا اللاتینیة بسبب ترامب؟ نون بوست: https://www.noonpost.org/content/21876

[36] Enrique Dussel Peters and Ariel C. Armony (2017) Effects of China on the quantity and quality of jobs in Latin America and the Caribbean (ILO Americas TECHNICAL REPORTS): http://www.dusselpeters.com/118.pdf

[37] دییغو هیرانز (٢٠١٨): كیف وصلت الهیمنة الاقتصادیة الصینیة إلى أمریكا اللاتینیة بسبب ترامب؟ نون بوست: https://www.noonpost.org/content/21876

## ٢.٤ هەژموون و رۆڵی ئابوری چین لە ئەمریکای لاتیندا

سەرۆکی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ئەمریکای لاتیندا (خوسیە مانویل سالازار) ئاماژە بەوە دەکات وەبەرهێنانەکان، بازرگانی و پرۆژەکانی چین لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٠ و ٢٠١٦) بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە (١,٨) ملیۆن هاووڵاتی بخەنە سەر کار کە دەکاتە چوار لە سەدی کۆی هەلیکار لەو ماوەیەدا لە سەرتاسەری هەرێمەکەدا.[38] ئەمەش هەژموون و رۆڵی چین پیشان دەدات لە رووی ئابوریەوە لە ئەمریکای لاتینیدا، هەروەها ئاماژەیەک بۆ بەتینی پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا. هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٩٥ و ٢٠١١) دا کارە بازرگانیەکانی چین لە هەر یەکە لە ئەرجەنتین و بەرازیل و چیلی و مەکسیک بەشداربووە لە فەراهەمکردنی (١,١٥) ملیۆن هەلی کاردا. لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ و ٢٠١٦) دا لێشاوەکانی وەبەرهێنانی چین، کە هاوتایە بە (١٢٠ ملیار دۆلار) و دابەشبووە بەسەر (٢٧١) کاری بازرگانی گەورەدا، بەشداربووە لە دروستکردنی نزیکەی (٢٦٠) پێگەی کاردا. هەروەها لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٦) دا پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری کە لە لایەن چینەوە پارەدارکراوە نزیکەی (٣٥٠) هەزار هەلی کاری رەخساندووە.[39]

حکومەتی چین ئامادەیی ئەوەی تێدایە باڵادەستی خۆی لە ناوچەکەدا بە ئەندازەیەکی فراوان زیاتر بکات. لە بازاڕەکانی مەکسیکدا پێشبینی ئەوە دەکرێت رێکەوتنی بازرگانی ئازادی باکوری ئەمریکا (نافتا - NAFTA)[40] هەڵوەشێتەوە و بەشێک لەو (٣٠٣) ملیار دۆلارەی بەهای هەناردانە بگوازرێتەوە بۆ چین. پاش دە ساڵ بڵاو بوونەوەی جیۆستراتیژی چین لە ناوچەکەدا ژمارەی سەرسوڕهێنەر پیشان دەدەن، دیارترینیشیان ئەوانەن کە لیژنەی نیشتمانی چینی بۆ گەشەپێدان و چاکسازی – بانکی چینی بۆ وەبەرهێنان لە دەرەوە – لە ماوەی ساڵی رابردوودا بڵاوی کردووەتەوە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کۆمپانیا گەورە ئاسیاییەکان نزیکەی (١٩٢) ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان کردووە، لەگەڵ چەندین دەستەبەری لە لایەن حکومەتەکانی ئەو ناوچەیەوە تایبەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری، کە بەهای قەبارەی ئەو پرۆژانە هاوتایە بە بەهای ئابوری دەوڵەتێکی وەک (پورتوگال یان ڤێتنام). (لی شیاو یان) یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی نیشتمانی چین ناوی هەندێک لە دەوڵەتانی هاوبەشی چین لە ناوچەکە ئاشکرا دەکات کە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتودا زۆرترین رێژەی وەبەرهێنانی چینیان بەردەکەوێت ئەوانیش (بەرازیل، پیرۆ، ئیکوادۆر، جامایکا، پەنەما) هەروەها ئاماژەش دەکات بە وەبەرهێنانی راستەوخۆی نادارایی، واتە ئەو وەبەرهێنانەی کە کۆمپانیاکان سەرپەرشتی دەکەن بەبێ گرێدانی هیچ جۆرە رێکەوتننامەیەکی هاوبەش کە چین لەگەڵ لایەنە بانکیەکان لەو ناوچەیەدا لە ساڵی (٢٠١٦) ەوە دەستپێکردووە و بەهاکەی دەگاتە (٣١) ملیار دۆلار. سەرەڕای ئەوەی دوو دامەزراوەی دارایی سەرەکی کە بریتین لە هەر یەکە لە بانکی گەشەپێدانی چینی و بانکی هەناردە هاوردەی چینی قەرزی زیاتر دەدەنە ناوچەکە ، بڕی

[38] José Manuel Salazar (2017), China trade, investment and projects create 1.8 million jobs in Latin America and the Caribbean. ILO: http://www.ilo.org/global/about-the-ilo/newsroom/news/WCMS_574472/lang--en/index.htm

[39] Javier Vázquez-D'Elía (2017), New ILO Report Analyzes the Impact of China on Jobs in Latin America and the Caribbean, panoramas: http://www.panoramas.pitt.edu/economy-and-development/new-ilo-report-analyzes-impact-china-jobs-latin-america-and-caribbean

[40] رێکەوتننامەیەکە لە لایەن هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا و مەکسیکەوە واژۆکراوە، بە گوێرەی ئەو رێکەوتننامەیە بلۆکێکی بازرگانی سێ لایەنە دروستکراوە لە ئەمریکای باکوردا و لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

قەرزەکەش زیاترە لە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی و بانکی گەشەی دەوڵەتانی ئەمریکا و بانکی ئەمریکای لاتینی بۆ گەشەپێدان. پەکین بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتیندا سندوقی وەبەرهێنانی فرە لایەن و کۆمپانیای وەک (جاک مۆتۆرز) ی دامەزراندووە، بەجۆرێک کە بەهای سەرمایەکەی لە مەکسیکدا دوو بەرامبەر بووە و گەیشتووەتە نزیکەی( ٢١٢) ملیۆن دۆلار.[٤١]

کۆتا خاڵی گرنگ لەم تەوەرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت بریتیە لەوەی چین سودمەند بووە لە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی گەمارۆی ئابوری بەرامبەر کۆبا یان دەرچونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە (رێککەوتننامەکانی تایبەت بە گۆڕانکاری کەش و هەوا) لە ئەمریکای لاتیندا. جگە لەوەش توێژەری ئابوری لە (پەیمانگەی بروکینز) (دەیڤد دۆلار) جەخت لەسەر راستیەکی زۆر گرنگ دەکاتەوە تایبەت بە ئەو (دە) شوێنە یەکەمە بیانیەی کە چین لە دەرەوە وەبەرهێنانی تێدا دەکات ئەویش بازاڕی ئەمریکای لاتینی تێدایە، لە هەمان کاتدا لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکەوە چین نزیکەی (١٠٦) ملیار دۆلاری لە ناوچەکە هەڵلوشیوە. بەڵام رەنگە ئەم وێنەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت بەهۆی پاشەکشێی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سەرەڕای گەشەی بەردەوامی پشکەکان لە رێگەی لایەنە وەبەرهێنە چینیەکانەوە لەم ساڵانەی دواییدا.[٤٢]

## تەوەری پێنجەم: پێگەی ئابوری چین لە کیشوەری ئەفریقادا

### ١.٥ مێژووی پەیوەندی چین و ئەفریقا

چین لە سەرەتای گەشەکردنیەوە لە پێش ئەو دەوڵەتانەوە بووە وەبەرهێنانی دەرەکی تێدا ئەنجامدراوە، ئەوەش رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گەشەپێدانی ئابوریەکەیدا، بە تایبەتیش لە ساڵانی سەرەتای ئەنجامدانی چاکسازی و گەشەسەندنیدا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا وەک وەبەرهێنێکی گەورە لە دەرەوە دەرکەوتووە. پەیوەندی چین لەگەڵ کیشوەری ئەفریقادا دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا. بەڵام لە سەردەمی نوێدا سەرەتای پەیوەندیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٥) لەو کاتەی (کۆنفرانسی ئاسیا – ئەفریقا) لە (١٨ – ٢٤ ی نیسانی ١٩٥٥) لە (باندونگی ئەندۆنیزیا) بەسترا، ماوەیەکی کورت دوای کۆنفرانسەکە بە "سەرەتای دەستپێکردنی گەڕانی پەکین بۆ بازاڕەکان و مادده خاوەکان لە ئەفریقادا" دادەنرێت.[٤٣]

لە سەردەمی (ماوتیستۆنگ) دوە گرنگی کیشوەرە رەشەکە بۆ چین دەرکەوتووە و بڕوای وابووە ئەفریقا دۆخێکە شایستەی توێژینەوە لەسەر کردنە. یەکەمین رێککەوتنی بازرگانی و پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەفریقیدا (میسر) لە (ئابی ١٩٥٥) دا واژۆکرا، لە ئێستاشدا چین پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ (٥٤) دەوڵەتەکەی

---

[٤١] دييغو هيرانز (٢٠١٨): كيف وصلت الهيمنة الاقتصادية الصينية إلى أمريكا اللاتينية بسبب ترامب؟ نون بوست: https://www.noonpost.org/content/21876

[42] David Dollar (2017), China’s Investment in Latin America , brookings: https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2017/01/fp_201701_china_investment_lat_am.pdf

[43] Uche Ewelukwa Ofodile (2008), Trade, Empires, and Subjects— China-Africa Trade: A New Fair Trade Arrangement, or the Third Scramble for Africa?, Vanderbilt Journal Of Transnational Law, vol, 41:505: https://www.vanderbilt.edu/wp-content/uploads/sites/78/Ofodile-CR-final-with-author-revisions-ARJ.pdf

کیشوەرەکەدا هەیە،[44] بازرگانی لە نێوان چین و ئەفریقادا زیاتر گەشەی پێدرا، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٥ و ١٩٦٥) دا بازرگانی نێوان هەردوولا بەراورد بە ساڵانی پێشوتر حەوت ئەوەندە زیادیکردووە،[45] لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ و ١٩٧٦) دا چین نزیکەی (١,٨١٥) ملیۆن دۆلاری بەخشیە ئەفریقا، و سپۆنسەری ژمارەیەک پرۆژەی سودبەخشیکرد لەوانەش: هێڵی ئاسنی تانزام لە نێوان تەنزانیا و زامبیادا.[46]

قۆناغێکی دیکەی گرنگی پەیوەندیەکانی نێوان چین و ئەفریقا دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆی هاریکاری دەوڵەتانی باشوری گۆی زەوی (South-South Cooperation Discourse) بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش کۆنفرانسی (باندۆنگ) بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاریگەریەکانی دەرکەوتن[47] پاشان کۆبوونەوەی لوتکەی (ئاسیا – ئەفریقا) لە ساڵی (٢٠٠٥) لە باندونگ بەسترا و سەرکردەکانی ئاسیا و ئەفریقا هەوڵیاندا بۆ چالاککردنی باندونگی یەکەم.[48]

چین لە رێگەی پرۆژە ئابوریە مەزنەکەیەوە "پشتێنەی ئابوری" هەوڵیدا هۆکار بدۆزیتەوە و هەنگاوی پراکتیکی بنێت بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانیان زیاتر بەرەو پێش بچێت، و کۆڕبەندێکیان بە ناوی "کۆڕبەندی هاریکاری چینی ئەفریقی" پێکهێنا و لە (٥ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥) دا کۆڕبەندەکە لە شاری (جۆهانسبێرگ) ی باشوری ئەفریقا کۆتایی بەکارەکانی هێنا و (٥٠) دەوڵەتی کیشوەرەکە لە کۆی (٥٤) دەوڵەت پەیوەندیان پێوەکرد. بۆ ئەوەی تەوژمی دوژمنکاری و نارەزایی لە دژی بەرزنەبێتەوە، بەهۆی ئەو ئەزمونە کیشوەرەکە لە ژێر دەستی داگیرکەری رۆژئاوایی هەیەتی و هەندێک دەوڵەت هەتاوەکو ئێستەش و پاش سەربەخۆی باج دەدەن بە فەرەنسا، چین کاری کردووە لەسەر ئەوەی بە هێمنی بچێتە کیشوەرەکە و لەو پێناوەشدا دروشمی "راستگۆیی و هاوبەشێتی بە بێ خراپ بەکارهێنان" ی بەرزکردووەتەوە. هەر بۆیە بنەمای "گۆڕینەوەی بەرژەوەندیەکان کە وەستاوە لەسەر پێشکەشکردنی کۆمەکی پێشوەختە" بنەمای سەرەکی ئاڵوویرە بازرگانیەکانە و قەرزی بێمەرج پێشکەشکدەکات بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابوری: (١٠٠) وێستگەی کارەبا و وزەی دروستکردووە، (٣٠) نەخۆشخانەی دروستکردووە و (١٥٠٠) دکتۆری ناردووە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات، (٥٠) قوتابخانەی دروستکردووە، و کاری لەسەر (٣٠٠٠) کیلۆمەتر رێگە کردووە لە (٤٠) دەوڵەتدا.[49]

---

[44] Chris Alden & Yu-Shan Wu (2017), China-Africa Relations, South African Institute of International Affairs: http://www.saiia.org.za/opinion-analysis/factsheet-china-africa-relations

[45] John K. Cooley (19665), East Wind Over Africa: Red China’s African Offensive .

[46] Uche Ewelukwa Ofodile (2008), Trade, Empires, and Subjects— China-Africa Trade: A New Fair Trade Arrangement, or the Third Scramble for Africa?, Vanderbilt Journal Of Transnational Law, vol, 41:505: https://www.vanderbilt.edu/wp-content/uploads/sites/78/Ofodile-CR-final-with-author-revisions-ARJ.pdf

[47] Chris Melville & Olly Owen (2005), China and Africa: A New Era of “South-South Cooperation,” http://www.opendemocracy.net/globalization-G8/ south_2658.jsp

[48] Uche Ewelukwa Ofodile (2008), Trade, Empires, and Subjects— China-Africa Trade: A New Fair Trade Arrangement, or the Third Scramble for Africa?, Vanderbilt Journal Of Transnational Law, vol, 41:505: https://www.vanderbilt.edu/wp-content/uploads/sites/78/Ofodile-CR-final-with-author-revisions-ARJ.pdf

[49] نون بوست – فريق التحرير (٢٠١٥)، توجه الصين نحو أفريقيا: خيار إستراتيجي أم استعمار اقتصادي: https://www.noonpost.org/%D8%B5%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86/%D8%AA%D9%88%D8%AC%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%86%D8%AD%D9%88-%D8%A3%D9%81%D8%B1%D9%8A%D9%82%D9%8A%D8%A7-%D8%AE%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%A5%D8%B3%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%AA%D9%8A%D8%AC%D9%8A-%D8%A3%D9%85-

له بەرامبەریشدا، سەرکردەکانی دەوڵەتانی کیشوەرەکە متمانەیەکی زۆریان بە چین هەیە، بڕوایان وایە ئیمپراتۆریەتێکی داگیرکار نیە، لەسەر تالانکردنی سەروەت و سامانی کیشوەرەکە و فرۆشتنی مرۆڤەوە بژی وەک ئەوەی داگیرکەرە رۆژئاواییەکان ئەنجامیاندا. لە لایەکی دیکەشەوە چین دەستوەرنادات لە کاروباری ناوخۆیی هیچ دەوڵەتێک و بە بێ مەرجی پێشوەخت هاریکاری و کۆمەکیان پێدەدات، و لە بەرامبەریشدا لە رووی ئابوریەوە گرێبەستی بازرگانی گەورە واژۆ دەکات لەگەڵیاندا بە جۆرێک نەوت و ماددەی خاویان لێدەکرێت لە بەرامبەر بەرەوپێشبردنی ژێرخانی ئابوری داتەپیو یان نەبووی کیشوەرەکە، وەک سەرۆکی کینیا (ئوهور و کینیاتا) ئاماژەی پێدەکات: هاوبەشێتی دەوڵەتانی کیشوەرەکە لەگەڵ چیندا لە بەرژەوەندی هەردولادایە، و داگیرکەران کیشوەرەکەیان وێران کرد، چین لەگەڵماندا کاردەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتانی کیشوەرەکە لە هەژاری دەربێنێت چونکە داگیرکەر نیە، بەڵکو هاوبەشە.[50]

### ئامانجەکانی چین لە کیشوەری ئەفریقادا:

ئامانجەکانی چین لە ئەفریقادا فرە رەهەندە، جگە لە ئامانجی ئابوری ئامانجی ستراتریژی و جیۆسیاسی و کلتوری لەخۆدەگرێت:

١. ئامانجی نوێی چین لە ئەفریقادا لە ئێستادا بووەتە ئامانجێکی ئابوری پوخت، ئامانجەکەشی گەیشتنە بە ماددە سەرەتاییەکان و ساغکردنەوەی شمەک و کاڵاکانی. بۆ ئەمەش چین توانیویەتی پێداویستی زۆری ئەفریقا بە ژێرخانی ئابوری بەکاربهێنێت و توانیویەتی رێگای نوێ بۆ بەڵێندەرەکانی و کۆمپانیاکانی بکاتەوە ئەوەش لە رێگەی بونیادنانی رێگا و دروستکردنی بەندەر و بەنداو و هێڵی ئاسنین و فرۆکەخانە.

٢. ئامانجی ستراتیژی و جیۆسیاسی یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی چین لە کیشوەرەکەدا، دەیەوێت ئەوە پیشانبدات بە تەنها دووەمین گەورەترین هێزی ئابوری نیە لە جیهاندا، بەڵکو دەیەوێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی دووەمی هاوبەشە تەقلیدیەکانی (ئەوروپیەکان و ئەمریکیەکان و تەنانەت هاوبەشە ئاسیایەکان و ئەمریکای لاتینیەکان) ی کیشوەرەکە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە "کۆڕبەندی هاریکاری چینی ئەفریقی" دامەزراندووە.

---

%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%B9%D9%85%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A

[50] نون بوست – فريق التحرير (٢٠١٥)، توجه الصين نحو أفريقيا: خيار إستراتيجي أم استعمار اقتصادي: https://www.noonpost.org/%D8%B5%D8%B9%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86/%D8%AA%D9%88%D8%AC%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%86%D8%AD%D9%88-%D8%A3%D9%81%D8%B1%D9%8A%D9%82%D9%8A%D8%A7-%D8%AE%D9%8A%D8%A7%D8%B1-%D8%A5%D8%B3%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%AA%D9%8A%D8%AC%D9%8A-%D8%A3%D9%85-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%B9%D9%85%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A

٣. هەروەها ئامانجی رۆشنبیریشی هەیە ئەوەش لە رێگەی فراوانکردنی نوێنەرایەتیە دبلۆماسیەکان و کۆنسولگەریەکانیەوە لە زۆربەی دەوڵەتانی کیشوەرەکەدا، و کردنەوەی چەندین پەیمانگەی رۆشنبیری بۆ فێربوونی زمانی چینی و بەهێزکردنی پێگەی راگەیاندنی.[٥١]



کارمەندێکی چینی و کارمەندێکی ناوخۆیی لە هێڵی ئاسنی کینیادا لە وێستگەی نیرۆبیدا، سەرچاوە رۆیتەرز

## ٢.٥ قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی نێوان چین و کیشوەری ئەفریقا:


لە ئێستادا چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی کیشوەری ئەفریقایە، و پشت بە بازاڕەکانی ئەفریقا دەبەستێت بۆ لێشاوی بەردەوامی سەرچاوە سروشتیەکان بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە پیشەسازیەکەی. ئەو سەرچاوانەی چین لە ئەفریقاوە هاوردەی دەکات بریتیە لە نەوت، ئاسنی خام، تەختە، مس. لە بەرامبەر دەستکەوتنی سەرچاوەیەکی فراوان، چین هەناردەی شمەکی دروستکراوی هەرزان دەکات بۆ کیشوەری ئەفریقا، هەروەها ژێرخانی ئابوری پێویست بونیاد دەنێت و وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دابیندەکات، چەندین ملیار دۆلار قەرزی

[٥١] د. يحيى اليحياوي (٢٠١٥)، الصين في إفريقيا: بين متطلبات الاستثمار ودوافع الاستغلال، مركز الجزيرة للدراسات: http://studies.aljazeera.net/ar/reports/2015/06/2015691031393505.html

داوەتە هاوبەشە بازرگانیەکانی.[٥٢] بازرگانی دوو لایەنەی نێوان چین و کیشوەرەکە لە (١٠,٦) ملیار دۆلارەوە لە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە بەرزبووەتەوە بۆ (٢١٠) ملیار دۆلار لە ساڵی (٢٠١٣) دا،[٥٣]

هەروەها حکومەتی چین سودمەند دەبێت لەو بەرنامانەی ژێرخانی ئابوری کە لە لایەن خۆیەوە پارەیان بۆ دابیندەکرێت بە جۆرێک لە لایەن کرێکارە چینیەکانەوە جێبەجێدەکرێن و بەمجۆرەش گرێبەستەکانی تایبەت بە بونیادنانی ژێرخانی ئابوری سودێکی گەورە دەبەخشنە کۆمپانیا چینیەکان.[٥٤] وەزارەتی بازرگانی چینی بڵاویکردووەتەوە کە بە تەنها لە ساڵی (٢٠١٥) دا بەهای گرێبەستی پرۆژەکانی چین کە لە ئەفریقادا واژۆکراون گەیشتووەتە (٥٥,١) ملیار دۆلار، لەگەڵ زیادبوونی بە رێژەی ٥ لە سەدی ساڵ بە ساڵ.[٥٥] هەروەها کۆمپانیای بونیادنانی هێڵی ئاسنی چینی رایگەیاند کە لە ساڵی (٢٠١٦) دا بەهای گرێبەستەکانی ئەو کۆمپانیایە زیاتر بووە لە (٥) ملیار دۆلار.[٥٦]

**شێوەی ٤. بازرگانی نێوان چین و ئەفریقا**




**سەرچاوە: UN COMTRADE 2017**

---

[52] Elizabeth Manero (2017), China's Investment in Africa: The New Colonialism? Harvardpolitics: http://harvardpolitics.com/world/chinas-investment-in-africa-the-new-colonialism/

[٥٣] نون بوست – فريق التحرير (٢٠١٥)، توجه الصين نحو أفريقيا: خيار إستراتيجي أم استعمار اقتصادي:

[54] Elizabeth Manero (2017), China's Investment in Africa: The New Colonialism? Harvardpolitics: http://harvardpolitics.com/world/chinas-investment-in-africa-the-new-colonialism/

[55] Ministry Of Commerce People's Republic Of China (2015), 2015 Business Review XII: China-Africa Trade and Economic Cooperation Starts: http://english.mofcom.gov.cn/article/zt_businessview2015/news/201602/20160201261327.shtml

[56] Toh Han Shih (2015), China Railway Construction wins pair of contracts in Africa, scmp: http://www.scmp.com/business/companies/article/1778494/china-railway-construction-wins-pair-railway-contracts-africa

گۆڕانکاریەکی گەورە لە قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ کیشوەرەکەدا بە دیدەکرێت، بە گوێرەی راپۆرتێکی (سەنتەری توێژینەوەی چین – ئەفریقا لە کۆلێژی جۆنس هۆپکین بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی) لە واشنتۆن قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ کیشوەرەکەدا (١٠) ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٤ دا بیست جار زیادیکردووە و گەیشتووەتە زیاتر لە (٢٢٠) ملیار دۆلار.[٥٧]

لە چارەکی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧) دا بەراورد بە ساڵی (٢٠١٦) ئاڵوویری بازرگانی چین لەگەڵ دەوڵەتانی ئەفریقادا نزیکەی یەک لە پێنج بەرزبووەتەوە، و وەبەرهێنانەکانی چین لە کیشوەرەکەدا ٦٤ لە سەد بەرزبووەتەوە. هەروەها چین پلانی هەیە بڕی (٦٠) ملیار دۆلار لە پرۆژەکانی گەشەپێداندا، کەرتەکانی کشتوکاڵ و بونیادنانی رێگاوبان و بەندەر و هێڵەکانی ئاسن دابینبکات و هەندێک لە قەرزەکانی دەوڵەتانی کیشوەرەکە بسڕێتەوە[٥٨] کە بە بڕی یەک لە شەش بەشدارە لە قەرزەکانیاندا.[٥٩] هەروەها (١٠) ملیار دۆلار بۆ پەرەپێدانی توانای بەرهەمهێنان و (٢٠) هەزار هەلی راهێنانی بۆ پێگەیاندنی کادری مرۆیی، (٢٠) هەزار هەلی دیکە وەک زەمالاتی خوێندن بۆ ئەفریقا دابینکردووە.[٦٠] هەر بۆیە وەزیری هاریکاری و گەشەپێدانی ئەڵمانی (جێرد مۆلەر) ئاماژە بەوە دەکات چین گەورەترین وەبەرهێنەرە لە بونیادنانی ژێرخانی ئابوری کیشوەرەکەدا.[٦١]

**خشتەی ژمارە ١. قەبارەی ئاڵوویری بازرگانی نێوان چین و ئەفریقا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠ – ٢٠١٥)**

| ژ | ساڵ | قەبارەی ئاڵوویری بازرگانی (بە بەهای ملیار دۆلاری ئەمریکی) |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٥٠ | ٠,٠١٣ |
| .٢ | ١٩٧٩ | ٠,٨١٧ |
| ٣ | ١٩٨٠ | ١ |
| ٤ | ١٩٩٧ | ٥,٦ |
| ٥ | ١٩٩٩ | ٦,٤ |
| ٦ | ٢٠٠٠ | ١٠,٦ |
| ٧ | ٢٠٠١ | ١٠,٧ |
| ٨ | ٢٠٠٢ | ١٢,٣٩ |
| ٩ | ٢٠٠٣ | ١٨,٤ |
| ١٠ | ٢٠٠٤ | ٢٩,٥ |
| ١١ | ٢٠٠٥ | ٣٩,٥ |

[57] China Africa Research Initiative (2017), Data: China-Africa Trade: http://www.sais-cari.org/data-china-africa-trade

[٥٨] الشرق الأوسط (٢٠١٧)، توسع النفوذ الاقتصادي للصين في أفريقيا:

[59] David Pilling (2017), Chinese investment in Africa: Beijing's testing ground, Financial Times: https://www.ft.com/content/0f534aa4-4549-11e7-8519-9f94ee97d996

[٦٠] أحمد يونس (٢٠١٥)، الصين تعلن استثمار ٦٠ مليار دولار في أفريقيا، الشرق الشرق الأوسط:

[61] The Federal Ministry for Economic Cooperation and Development (BMZ)(2017), Germany and China open centre for sustainable development in Beijing to boost collaboration in the field of development cooperation: https://www.bmz.de/en/press/aktuelleMeldungen/2017/mai/170511_pm_056_Germany-and-China-open-centre-for-sustainable-development-in-Beijing-to-boost-collaboration-in-the-field-of-development-cooperation/index.html

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | ٢٠٠٦ | ٥٠ |
| ١٣ | ٢٠٠٧ | ٥٥ |
| ١٤ | ٢٠٠٨ | ١١٤ |
| ١٥ | ٢٠٠٩ | ١٠٦,٨ |
| ١٦ | ٢٠١٠ | ١١٥ |
| ١٧ | ٢٠١١ | ١٦٠ |
| ١٨ | ٢٠١٢ | ١٩٨,٥ |
| ١٩ | ٢٠١٣ | ٢١٠ |
| ٢٠ | ٢٠١٤ | ٢٠١,١٤ |
| ٢١ | ٢٠١٥ | ٣٠٠ |

**سەرچاوە: ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی، زانکۆی بەغداد.**[٦٢]

## تەوەری شەشەم: چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

### ١.٦ هەمەچەشنەیی بەرژەوەندیەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا توندوتیژی و ناسەقامگیری بەشێک لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووتەوە بەشێوەیەکە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا بەدیناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چین توانیوەیەتی پەرە بە وەبەرهێنانەکانی خۆی بدات و بوونی ئابوری و دبلۆماسی و سیاسی خۆی بسەلمێنێت.

لە دەرەوەی ناوچەی ئاسیا و زەریای ئارام ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی دەوڵەمەندی بە سەرچاوەکانی وزە و پێگەی جیۆستراتیژی بایەخێکی تایبەتی هەیە لای چین، چونکە رۆڵی دەبێت لە هاوسەنگکردنی ئابوری چین لە بەرامبەر رۆژئاوادا. لە لایەکی دیکەشەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی دانپێدانان وەک هێزێکی گەورەی جیهانیی، هەورەها رێگریکردن لە پەرینەوەی توندڕەوە جیهادیەکان و فیکری توندڕەوی بۆ ناو سنورەکەی - نزیکەی ٤٠ ملیۆن دانیشتوانی موسوڵمان لە سنورەکەیدا بوونیان هەیە - ناوچەکە گرنگی تایبەتی بۆ چین هەیە.[٦٣]
بەرژەوەندیە ئابوری، جیۆسیاسی، وزە، ئاسایشەکانی چین لە ناوچەکەدا بە دیاریکراوی لە دەیەی نەوەدەکانەوە زیادیکردووە و بەردەوام لە فراوان بووندایە،[٦٤] لە پێشی هەمووشیانەوە خواستی بەردەوامی چین بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە، بازرگانی و دۆزینەوەی هەلی وەبەرهێنانی نوێ، و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی لە بەرژەوەندیە لە پێشینەکانی چینن لە ناوچەکەدا. جگە لەوەش خواستی بونیادنانی پەیوەندی و پەرەپێدانی

---

[٦٢] ابتسام محمد العامري (٢٠١٦)، الدور الصيني في أفريقيا: دراسة في دبلوماسية القوة الناعمة، المنهل: https://platform.almanhal.com/Reader/2/111705

[63] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east

[64] Gao Zugui, "Dabianju shenhua beijingxia Zhongguo yu Zhong Dong guanxi de fazhan (2014), Development of China's Relations with the Middle East in the Context of Profound Changes, Heping yu fazhan, Peace and Development.

دەسەڵاتی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا.[65] گرنگی و بایەخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشاندەکرێت:


**١. وزە:**

یەکەمین و گرنگترین بەرژەوەندی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتیە لە گەیشتنی بە سەرچاوەکانی وزە، لە پێشی هەموشیانەوە نەوت، کە گرنگیەکی لە رادەبەدەری هەیە بۆ پێشکەوتنی ئابوریەکەی و لە ساڵی (١٩٩٥) ەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە یەکەمین سەرچاوەی هاوردەی نەوت لەلایەن چینەوە.[66]

نەوت پێگەی سەرەکی هەیە لە پەیوەندیە دوو لایەنەکانی چین لەگەڵ هەر یەکە لە ئێران و سعودیەدا، زیاتر لە نیوەی پێداویستیەکانی لە نەوت و سێ یەکی پێداویستیەکانی لە گازی سروشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاوردە دەکات.[67] لە ساڵی (٢٠١٢) دا سعودیە پێگەی ژمارە یەکی هەبووە لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی نەوتی لێوە هاوردە کردووە و ئێرانیش ژمارە چوار.[68] سەرەڕای ئەوەش کۆمپانیا چینیەکانی بواری وزە شوێنپێیان قایمکردووە بۆ دابینکردنی وزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێویشیاندا عێراق و بەم دواییانەش لە ئەبوزەبیدا.[69] هەروەها بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە گازی سروشتی گەیشتن بەو سەرچاوەیە یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی چین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .[70]

[65] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east
[66] Jon B. Alterman and John W. Garver (2008), The Vital Triangle: China, the United States, and the Middle East, Washington, D.C.: Center for Strategic and International Studies: https://csis-prod.s3.amazonaws.com/s3fs-public/legacy_files/files/publication/080624_alterman_vitaltriangle.pdf
[67] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east
[68] Andrew Scobell, Alireza Nader (2016), China in the Middle East: The Wary Dragon, RAND Corporation: https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1200/RR1229/RAND_RR1229.pdf
[69] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east
[70] Andrew Scobell, Alireza Nader (2016), China in the Middle East: The Wary Dragon, RAND Corporation: https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1200/RR1229/RAND_RR1229.pdf

**شێوەی ٥. ئەو دەوڵەتانەی زۆرترین نەوتیان هەناردەی چین کردووە لە ساڵی ٢٠١٢ دا**




**سەرچاوە: UN CMTRADE DATABSE**

### ٢. جیۆ ستراتیژی

لەم چەند ساڵەی دوایدا و بە دیاریکراویش لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە سەرکردەکانی چین بڕوایان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی جدی دەدات بۆ کۆتوبەندکردنی پەکین، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەوەش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەستییپێدەکرێت، بە جۆرێک چین گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لە ناوچەکە بەهۆی بوونی تۆڕێک لە هاوپەیمان لە پێشی هەمووشیانەوە یابان و کۆریای باشور کە هێزی بەرچاوی دەریای و هەوای و زەمینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێدا چڕبووەتەوە. هەروەها چینیەکان ئەو باوەڕەیان لادروستبووە پەیوەندیەکانی تایبەت بە بواری ئاسایش لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەر یەکە لە هیندستان و ئوستراليا و فلیپین بەهێزبووە.[٧١] ئەمەش پرسیاری ئەوەی لای چین دروستکردووە چۆن دەتوانن وەڵامیان هەبێت بۆ ئەوەی وەک (ستراتیژی گەمارۆ) دەردەکەوێت بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا.[٧٢] بۆ ئەوەش هەندێک لە شیکەرەوەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی چین لەوانەش (یون سون) پێشنیاری ئەوە دەکەن چین دەبێت بەرەو ڕۆژئاوا بکشێت لەبەرئەوەی ستراتیژی گەمارۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ناوچەیەدا وەک

---

[71] John W. Garver and Fei-ling Wang (2010), China's Anti Encirclement Struggle, Asian Security, Vol. 6, No. 3.
[72] Andrew Scobell, Alireza Nader (2016), China in the Middle East: The Wary Dragon, RAND Corporation: https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1200/RR1229/RAND_RR1229.pdf

ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەهێز دەرناکەوێت،[73] چونکە لە رۆژئاوای چیندا واشنتۆن تۆرێکی بەهێزی هاوپەیمانی نیە تا بتوانێت رێگری و بەربەست دروستبکات لەبەردەم خواستەکانیدا، لەبەرئەوە لە ناوچەی رۆژئاوای چیندا - ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست - هەلی زیاتری لەبەردەستە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی و کاریگەری جیوسیاسی و ئابوری خۆی بەرەو پێشەوە ببات.

هەرچی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە کە یەکتربڕێکی سەرەکی رێگا جیهانیەکانە، بایەخێکی جوگرافی و ستراتیژی گەورەی هەیە بۆ چین. بۆیە فراوانکردنی کاریگەری جیۆستراتیژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکی دیکەیە لە بەرژوەندیە گرنگەکانی چین کاریگەری دەبێت لەسەر دەرچوونی لە هێزێکی هەرێمی و بوون بە هێزێکی جیهانی

**٣. بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی شمەک و کاڵاکانی**

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بازاڕێکی گەشەسەندووە بۆ بەرهەمەکانی چین و ساغکردنەوەی کاڵاکانی بە نرخێکی گونجاو، لە ئێستاشدا سەرچاوەی  هاوردەی ناوچەکە چینە، هەر یەکە لە بەحرەین و سعودیە ئێران و میسر ئەوەی لە چین هاوردەی دەکەن زۆر لەوە زیاترە لە هەر دەوڵەتێکی دیکە هاوردەکەی دەکەن. لەم ساڵانەی دوایشدا قەبارەی وەبەرهێنانی چین لە ناوچەکەدا – میسر و ئێران و ئەردەن و قەتەر و سعودیە – بەرزبووەتەوە، و لەگەڵ ئەوەشدا چین لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ هاریکاریکردن لە کەرتی نوێدا وەک وزەی ناوکی و تەکنەلۆژیای بۆشایی ئاسمان و بووەتە سەرچاوەیەکی دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەو کەرتانەش.[74]

**٤. دەرکەوتنی چین وەک هێزێکی جیهانیی مەزن**

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی دۆخی سیاسی دەرەکی پەکین و پیشاندانی وەک هێزێکی مەزن گرنگی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبینین هەمیشە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز بڕیاری داوە سەبارەت بەو پرسانەی لە ناوچەکەدا هاتوونەتە ئاراوە، بۆ نمونە لە ساڵی (٢٠٠٣) دا و لە کاتی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە چین هەڵوێستێکی سەربەخۆی هەبووە، سەبارەت بە قەیرانەکانی سوریا هەڵوێستەکانی پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکایە و جەختی لەوە دەکاتەوە قەیرانی سوریا لە رێگەی گفتوگۆی سیاسی و بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن نەک لە رێگەی لە ناوبردنی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەدەوە. ئاماژە بەوەدەکات چارەنوسی بەشار ئەسەد گەلی سوری دیاری دەکەن و پاڵپشتی سەربازی زیادکردووە بۆ سوریا و لەگەڵ رووسیاشدا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا پاڵپشتیان لە حکومەتی سوری کردووە بە جۆرێک بابەتی سوریا تاکە

---

[73] Yun Sun (2013), March West: China's Response to the U.S. Rebalancing, Brookings: https://www.brookings.edu/blog/up-front/2013/01/31/march-west-chinas-response-to-the-u-s-rebalancing/

[74] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east

بابەتە کە چین لە مێژوودا زۆرترین مافی ڤیتۆی لەسەر بەکارهێنابێت کە (شەش) جارە و لە بەرژەوەندی سوریا بەکاریهێناوە.[٧٥]

بۆیە دەبینین هەمیشە دووردەکەوێتەوە لە دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەیە لە ناوچەکەدا، پەیڕەوی لە سیاسەتی دەستوەرنەدان دەکات و بەردەوام پاڵپشتی سەقامگیری دەکەن، و هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان گومانی لە شەرعی بوونی حکومەتەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە و بەشدارنەبووە لە جەنگی هاوپەیمانان لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.[٧٦]

بە تێڕوانین لە ململانێ و پێکدادانەکانی ناوچەکە، جەنگی دژ بە داعش، ئابڵۆقەی سەر قەتەر، جەنگی ناوخۆی یەمەن وادەرناکەوێت چین بەرژەوەندی لە هیچ یەکێک لە مانەدا هەبێت، سەرباری ئەو گرفتانەش وەبەرهێنانی چین لە زۆرێک لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا هەر یەکە لە یەکێتی ئەوروپا و رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێپەڕاندووە، بوونی بەرژەوەندیەکی ئابوری مەزنی لەو جۆرە دەستێوەردانی چین لە ناوچەکەدا دەکاتە بابەتێکی پێویست سەرەڕای ئەوەی هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستوەرنادات لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بەم دواییانە چین لەگەڵ ئێراندا مانۆڕی دەریای سەربازی بە هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا، و ڕاهێنانی هاوبەشی لەگەڵ سعودیە بە مەبەستی لە ناوبردنی تیرۆریست ئەنجامداوە.[٧٧]

### ٢.٦ بەدەستهێنانی هاوبەشی بازرگانی و دوورکەوتنەوە لە ململانێکان

بەشێوەیەکی گشتی چین لە ناوچەکەدا لەسەر سێ چەمکی پێکەوە گرێدراو کاردەکات، ١. ئەوەی پێویستە بیکڕە و چەندی دەتوانی بیفرۆشە، ٢. دەستوەرنەدان لە کاروباری سیاسی ناوخۆی دەوڵەتان یان نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە، ٣. تیشکخستنە سەر دایەلۆگ و پێشکەوتن لەبری بەکارهێنانی هێز وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر ئەوەشە چین جیادەکاتەوە لە هێزە دەرەکیەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. هەرچی سەبارەت بە پێگەی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە ناوچەکەدا، ئاماژەگەلێکی کەم هەیە لەسەر ویستی چین

---

٧٥ محمد مكرم بلعاوي (٢٠١٧)، مبادرة الحزام والطريق الصينية وحتمية الجغرافيا العربية، الجزيرة: http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2017/10/7/%D9%85%D8%A8%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B2%D8%A7%D9%85-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D9%88%D8%AD%D8%AA%D9%85%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AC%D8%BA%D8%B1%D8%A7%D9%81%D9%8A%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D9%8A%D8%A9

76 Niu Xinchun (2014), China's Interests in and Influence over the Middle East, trans. Haibing Xing, Contemporary International Relations, Vol. 24, No. 1.

٧٧ محمد أسامة (٢٠١٧)، التدخل الصيني في الشرق الأوسط لا مفر منه!، الجزيرة - ترجمة: http://midan.aljazeera.net/reality/politics/2017/10/13/%D8%B9%D9%88%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%86%D9%8A%D9%86-%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D8%A3%D8%B5%D8%A8%D8%AD-%D8%AA%D8%AF%D8%AE%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D8%B3%D8%B7-%D8%AD%D8%AA%D9%85%D9%8A%D8%A7

بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە چین سودمەندە لە بوونی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان چونکە دەبێتە هۆی دەسەبەرکردنی ئاسایش بەبێ ئەوەی هیچ تێچویەکی دارایی یان سیاسی لەسەر چین بکەوێت. سەبارەت بە ئێرانیش کە ڕکابەری سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە ناوچەکەدا، چین ململانێی نێوان ئەو دوو هێزەی لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەیارەکانیشی لە ناوچەکەدا لەم چەند ساڵەی دوایدا هەوڵیانداوە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ چین بەکاربهێنن لە ململانێ ناوخۆییەکان و سیاسیەکانی ناوچەکەدا.[78]

چین تاکە هێزی جیهانە توانیویەتی پارێزگاری بکات لە پەیوەندیە بەهێزەکانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرەڕای بوونی ململانێ و ناکۆکی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا، توانیویەتی بەردەوام خۆی بەدوربگرێت لە تیوەگلانی لە ناکۆکیە سیاسە کۆتا نەهاتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی نێوەندگیر نابینێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیە هەرێمایەتیەکان، وەک ناکۆکی نێوان ئێران و سعودیە کە لە هەمان کاتدا پەیوەندی ئابوری و دبلۆماسی لەگەڵ هەردوولایاندا هەیە، ئەوەش گرێدراوی ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی چین بریتیە لە هاریکاری و پەیوەندی ئابوری بۆ پاڵپشتی گەشەی ناوخۆیی و دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی. لە سەردەمی سەرۆکایەتی (شی) دا دبلۆماسیەتی چین لە ناوچەکەدا کاراتر دەردەکەوێت، بۆیە دەبینین لە (کانونی دووەمی ٢٠١٦) و سێ ساڵ دوای وەرگرتنی کورسی سەرۆکایەتی، سەرۆکی چین سەردانی هەریەکە لە ئێران – ڕۆژێک پاش سەپاندنی سزا نێودەوڵەتیەکان بەسەریدا - و سعودیە و میسر دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە هەمان ساڵدا "نامەی سیاسەتی عەرەبی" بڵاودەکاتەوە کە چین هەرگیز نامەیەکی حکومی لەو جۆرەی دەرنەکردووە بایەخ بە سیاسەتەکانیی و دیاریکردنی سیاسەتەکانی بدات لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەمەش گرنگی و بایەخی ستراتیژی ناوچەکە لای پەکین پیشاندەدات.[79]

دەرئەنجامی سەردانەکەی سەرۆکی چین بۆ ئێران– ڕۆژێک پاش سەپاندنی سزا نێودەوڵەتیەکان بەسەریدا – بریتی بوو لە واژۆ کردنی چەند گرێبەستێک بە بەهای (٦٠٠) ملیار دۆلار بە درێژایی چەند دەیەیەک، لە هەمان کاتدا یەکەمین هاوردەکەری نەوتی ئێرانە.[80] لە ساڵی (٢٠١٠) دوە چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی ئێرانە و گەورەترین کڕیاری نەوتەکەی و قەبارەی بازرگانیان لە ساڵی ٢٠١٤ دا (٥٠) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە.[81] لە ساڵی (٢٠٠٩) دا هەناردەی نەوتی سعودیە ئەو ئاستەی تێپەڕاندووە کە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی هەناردە دەکرد، بەردەوام

---

[78] Asst Prof. John Calabrese (2017), China's Role in Post-Hegemonic Middle East, Middle East Institute: http://www.mei.edu/content/article/chinas-role-post-hegemonic-middle-east

[79] Cary Huang (2016) Back to the future: Chinese President Xi Jinping's Middle East visit ... and his Middle Kingdom dream, South China Morning Post: http://www.scmp.com/news/china/diplomacy-defence/article/1903831/back-future-chinese-president-xi-jinpings-middle-east

[80] Daniel Wagner (2018), China rewrites the rules on how to rise in influence in the Middle East, South China Morning Post: http://www.scmp.com/comment/insight-opinion/article/2131328/china-rewrites-rules-how-rise-influence-middle-east

[81] Zhuang Pinghui (2016), Key facts behind China's warming ties with Saudi Arabia, Iran and Egypt as Xi Jinping signs mega oil deals during his Middle East tour: http://www.scmp.com/news/china/diplomacy-defence/article/1903393/key-facts-behind-chinas-warming-ties-saudi-arabia-iran

هەردوولا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندیە دوو لایەنەکانیان دەدە، لە (ئازاری ٢٠١٧) دا (شا سەلمان) پاشای سعودیە، سەردانی چینی کردوو واژۆی چەندین گرێبەستی بازرگانی و وەبەرهێنانی کردووە بە بەهای (٦٠) ملیار دۆلار.[82]

**خشتەی ژمارە ٢. ئاڵوویری بازرگانی چین لەگەڵ هەندێک لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ساڵی ٢٠١٥ دا.**

| ژ | دەوڵەت | بڕی بازرگانی بە ملیار دۆلار |
|---|---|---|
| ١. | تورکیا | ٢١,٦ |
| ٢. | عێراق | ٣٠ |
| ٣. | ئیسرائیل | ١١,٤ |
| ٤. | سعودیە | ٥٢ |
| ٥. | ئیمارات | ٤٨ |
| ٦. | ئێران | ٣٤ |
| ٧. | لبنان | ٢ |

**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە، الجزیرە، السیاسە، ئای ئێم لوبنان.**[83]

## تەوەری حەوتەم: پاشەکشەی ئەمریکا لە سەرکردایەتیکردنی بازاڕی کراوەی جیهانیدا

پاشەکشەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رۆڵی سەرکردایەتیکردنی ترادیشناڵانەی ئابوری جیهانیی و بازرگانی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٨ و ئێستاش لە ژێر سەرکردایەتیکردنی ئیدارەکەی ترامپدا،[84] بە درێژایی کەمپەینی سەرۆکایەتیەکەی و لە سەرەتای خولی سەرۆکایەتیەکەیدا دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا بێرێزی خۆی بۆ ناتۆ دەربڕی و پاڵپشتی کشانەوەی بەریتانیای دەکرد لە یەکێتی ئەوروپا. وە لە میانی کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ و (جی ٧) دا لە برۆکسل و ئیتاڵیادا لە کۆتاییەکانی ئەیلولی (٢٠١٧) دا ترامپ

---

[82] Tom Holland (2017), A Crude Plan: Chinese Oil Demand Could See Saudi Give America The Slip, South China Morning Post: http://www.scmp.com/week-asia/opinion/article/2141579/china-has-nuclear-options-trade-war-us-really

[83] https://www.asiasat.tv/27035
https://www.imlebanon.org/category/%D8%AE%D8%A7%D8%B5/%D8%AE%D8%A7%D8%B5-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D9%82%D8%B9/
http://midan.aljazeera.net/reality/politics/2017/10/13/%D8%B9%D9%88%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%86%D9%8A%D9%86-%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D8%A3%D8%B5%D8%A8%D8%AD-%D8%AA%D8%AF%D8%AE%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%88%D8%B3%D8%B7-%D8%AD%D8%AA%D9%85%D9%8A%D8%A7

[84] Stephen Kaplan (2018), China is investing seriously in Latin America. Should you worry? Washingtonpost: https://www.washingtonpost.com/news/monkey-cage/wp/2018/01/24/china-is-investing-seriously-in-latin-america-should-you-worry/?utm_term=.3cb0379dcf40 and Demertzis, M., Sapir, A. and Wolff, G. (2017), 'Europe in a New World Order', Bruegel policy brief: http://bruegel.org/wp-content/uploads/2017/02/Bruegel_Policy_Brief-2017_02-170217_final.pdf

پەیوەندیەکانی ئاتلانتیکی ژەهراویکرد ئەویش بە رەفزکردنی پاڵپشتیکردنی بیروبۆچونی ناتۆ بۆ بەرگریکردنی بە کۆمەڵ و پاشان ئاماژەی بەوەش کرد لە رێککەوتننامەی پاریس سەبارەت بە کەش و هەوا دەکشێتەوە و لە (١ حوزەیرانی ٢٠١٧) دا لەو رێککەوتننامەیە کشایەوە.[٨٥]

لە لایەکی دیکەشەوە ئیدارەکەی ترامپ بڕیارێکی جێگیریداوە و هەوڵدەدات بۆ بڕینی پەیوەندی دیبلۆماسی واشنتۆن لەگەڵ هاوسێکانیدا لە باشور (کە دژ دەوەستێت لەگەڵ بوونی پلەبەندی چین لە ئەمریکای لاتیندا) لەم بارەیەشەوە ترامپ سورە لەسەر بونیادنانی دیواری مەکسیک، هەروەها بەرنامەکەی ترامپ واتای ئەوەیە کە ئەو رێکەوتنە بازرگانیانە بپچڕێنێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی کۆدەکاتەوە. ئەم ستراتیژیە ئەمریکیە رێگایەکی کراوە دەکاتەوە لە بەردەم سەرۆکی چیندا.[٨٦] هەروەها بە لە ناوبردنی هاوبەشی بە درێژایی ئۆقیانوسی ئارام بەبێ هیچ پلانێک یان دونیابینیەکی جێگرەوە ترامپ وایکردووە هاوپەیمانە ئاسیاییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکی ناڵنیاییدا بەجێبهێڵێت، لە بەرامبەریشدا واژۆ بکەن لەسەر پێشنیارەکانی لوتکەی چینی بە مەبەستی دابینکردنی دارایی و ژێرخانی ئابوری و گەیشتن بە بازاڕ بە مەبەستی سەقامگیری لەژێر سێبەری ئابوری و ئاسایشی چیندا.[٨٧]

لە ئەمریکای لاتیندا چین بووەتە شوێنگرەوەی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتیەکان (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی، بانکی گەشەپێدانی دەوڵەتانی ئەمریکا) کە کۆنترۆڵیان لە دەستی هەر یەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپادایە وەک قەرزپێدەری سەرەکی. لە سەر ئاستی کیشوەی ئەفریقاش چین بەردەوامە لە سەرکردایەتیکردن وەک وەبەرهێنی سەرەکی لە بواری ووزە و سەرچاوەی کانزایی. هەروەها وەک بازاڕێکی سەرەکیە بۆ نەوتی سعودیە و سودان و ئێران و شوێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتووەتەوە، هەروەها بە زویش دەبێتە شوێنگرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک بازاڕێکی سەرەکی بەرهەمە نەوتیەکانی فەنزوێلا. لەمرۆدا چین گەورەترین بەرهەمهێنەر و هەناردەکەری جیهانە، باڵادەستی هەیە بەسەر بازاڕی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە جۆرێک (١,٣) ترلیۆن دۆلاری هەیە لە سەنەداتی گەنجینەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. تەنانەت ترامپ دەرکی بەوە کردووە چین لە گەمە مەزنەکەدا لە پێشڕەویدایە. چین بە رێژەی (٩) لە سەد ساڵانە گەشە دەکات و شمەک و خزمەتگوزاریەکانیشی لە رووی کوالیتی و بەهاوە بە خێرایی بەرزدەبێتەوە. لە بەرامبەریشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا نزیکەی ٠ لە سەدیان تۆمار کردووە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ – ٢٠١٢.[٨٨]

هەروەها هەر یەکە لە چین و روسیا لە بازرگانی دوو لایەنەی نەوتدا وازیان لە مامەڵەکردن بە دۆلار هێناوە، سەرەڕای زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئاڵتون لە پێناو دەسەبەرکردنی بەدیهێنانی فشاری زیاتر بۆ سەر دراوی

---

[85] Nicola Casarini (2017), A New Era for EU-China Relations? How They Are Forging Ahead Without the United States: https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-06-06/new-era-eu-china-relations

[٨٦] دييغو هيرانز (٢٠١٨): كيف وصلت الهيمنة الاقتصادية الصينية إلى أمريكا اللاتينية بسبب ترامب؟ نون بوست: https://www.noonpost.org/content/21876

[87] James Mcgregor (2017), How Trump Can Win With China: http://foreignpolicy.com/2017/02/03/towards-a-trump-pacific-partnership-a-way-forward-to-win-on-trade-with-china/

[88] Prof. James Petras (2018) China: Rise, Fall and Re-Emergence as a Global Power: https://www.globalresearch.ca/china-rise-fall-and-re-emergence-as-a-global-power/29644

ئەمریکی و بەشداریکردن لە دابەزاندنی بەهاکەیدا. لە ئێستادا روسیا و چین نزیکەی (٣٨٧٠) تەن ئاڵتونیان هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنی (٨١٣٣,٥) تەن ئاڵتونە و چین پلەی شەشەمی هەیە و بە تەنها خاوەنی (١٨٤٢,٦) تەن ئاڵتونە و روسیاش خاوەنی (١٨٢٨,٦) تەن ئاڵتونە و لە پلەی حەوتەمدایە و سەرجەم دەرگاکان لە بەردەم پەکین و مۆسکۆدا کراوەن بۆ ئەوەی یەدەگی ئاڵتونیان زیادبکەن و ویلایەتە یەکگرتووەکان تێپەڕێنن، ئەمەش دۆلار دەخاتە دۆخێکی نالەبارەوە و پاشەکشە بە واشنتۆن دەکات لە سەرکردایەتیکردنی ئابوری جیهانیدا.[٨٩]

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی چین بۆ پاشەکشەپێکردنی باڵادەستی دۆلار لەسەر ئاستی جیهاندا، بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەنگاوێکی جدی دەگرنە بەر بۆ وەستاندنی هەژمونی دۆلار، بە گوێرەی راپۆرتێکی تۆڕی هەواڵی (CNBC) چین هەنگاوێکی جدی دەگرێتە بەر بە مەبەستی وەستاندنی هەژمونی جیهانیی دۆلار و ئەوەش بریتیە لە ستراتیژی نوێی چین بۆ ئەوەی گرێبەستەکانی نەوت لە چەند مانگی کۆتایی ساڵی (٢٠١٧) و سەرەتای ساڵی (٢٠١٨) بە یوان بێت نەک دۆلار. وە لەبەرئەوەی چین بە گەورەترین هاوردەکەری نەوت دادەنرێت، لۆژیکیە کە بەشداری بە دراوەکەی بکات لە کارەکانی ئاڵوێری بازرگانی نەوتدا، رەدکردنەوەی مامەڵەکردن بە دۆلار لە ئاڵووێری بازرگانیدا لە نێوان هەندێک دەوڵەتدا لەوانەش چین و روسیا ستراتیژێکی سەرەتاییە لە پێناو کەمکردنەوەی پشت بەستن بە دراوی ئەمریکی و سنوردانانێک بۆ مەترسی بەرز و نزمی دراوەکان و هەڕەشەکانی کە لە سەپاندنی سزای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دروست دەبێت.[٩٠] سەرەڕای ئەوەش ماوەیەکی درێژە هەوڵدەدات سعودیە قایل بکات نەوتەکەی بە یوان بکرێت نەک دۆلار، و رەنگە بەزوویش سەرکەوتوو بێت لەوەدا.[٩١] هەموو ئەمانەش وایکردووە چین ببێتە یاریکەرێکی ئابوری سەرەکی جیهانیی.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش لاسەنگیەک بەدیدەکرێت لە پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەک پرۆفیسۆر (چۆسۆدۆڤسکی) ئاماژەی بۆ دەکات چین پشت نابەستێت بە هاوردەکرد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئەندازەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە هاوردەکردن لە چینەوە. ئەگەر بێت و رۆژێک لە رۆژان چین بڕیاربدات بە کەمکردنەوەی هەناردەکانی (شمەکە سەرەکیەکانی کە لێی نووسراوە "دروستکراوی چین") بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، وێرانکەر دەبێت و دەبێتە هۆی

---

[٨٩] روسیا اليوم (٢٠١٨): كيف ستتمكن الصين وروسيا من إنهاء هيمنة أمريكا على الاقتصاد العالمي؟ https://arabic.rt.com/business/921403-%D9%83%D9%8A%D9%81-%D8%B3%D8%AA%D8%AA%D9%85%D9%83%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D9%85%D9%86-%D8%A5%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%A1-%D9%87%D9%8A%D9%85%D9%86%D8%A9-%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D8%A7-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-#/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A

[90] Sri Jegarajah (2017), China has grand ambitions to dethrone the dollar. It may make a powerful move this year, CNBC: https://www.cnbc.com/2017/10/24/petro-yuan-china-wants-to-dethrone-dollar-rmb-denominated-oil-contracts.html

[91] Tom Holland (2017), A Crude Plan: Chinese Oil Demand Could See Saudi Give America The Slip, South China Morning Post: http://www.scmp.com/week-asia/opinion/article/2141579/china-has-nuclear-options-trade-war-us-really

راوەستانی ئابوری بەکاربەری و نانەوەی پشێویەکی ئابوری و دارایی.[92] بە تەنها لە ساڵی (٢٠١٦) دا بە بەهای (٤٦٣) ملیار دۆلار ویلایەتە یەکگرتووەکان شمەکی لە چینەوە هاوردە کردووە و لە بەرامبەردا چین بە بەهای (١١٦) ملیار دۆلار شمەکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هاوردە کردووە بە مەش ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بڕی (٣٤٧) ملیار دۆلار کورتهێنانی هەیە لە بواری بازرگانی لەگەڵ چیندا کە دەکاتە رێژەی ٦٠ لە سەدی کۆی کورتهێنانی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. دۆناڵد ترامپ لە لێدوانەکانیدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ چین تۆمەتبار دەکات بە دزینی ئەمریکا بەهۆی سیاسەتە بازرگانیەکانیەوە و ئاماژە بەوە دەکات چین یاری بە دراوەکەی دەکات سەرەڕای ئەوەی بووەتە هۆی لە دەستدانی چەندین کار لە کەرتی پیشەسازیدا، بە جۆرێک ٤٠ لە سەدی لە دەستدانی کارەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پەیوەندیدارە بە هاوردەکان لە چینەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە لە دۆناڵد ترامپ باج لەسەر هاوردەی چینی بسەپێنێت بە رێژەی ٤٥ لە سەد.[93]

## تەوەری هەشتەم: رێگای ئاوریشمی نوێ (پشتێنەی نوێی ئابوری)

### ١.٨ پرۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێ

**پرۆژەی رێگای ئاوریشمی** چیە؟

رێگای ئاوریشمی لە کۆندا نازناوێک بووە بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵێک رێگای پێکەوە بەستراو کە قافلەکان و کەشتیەکان لە نێوان چین و یەکێتی ئەوروپادا بەکاریانهێناوە بە درێژی (١٢,٠٠٠) کیلۆمەتر، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی بنەماڵەی (هان) لە چین نزیکەی (٢٠٠) ساڵی پێش زاین، بە هاتنە سەر حۆکمی عوسمانیەکان لە قستەنتینیە ئەو رێگەیەش کۆتایی پێهات. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هەوڵەکان دەستیپێکردەوە بۆ بونیادنانەوەی رێگەیەکی نوێی ئاوریشمی لەژێر ناوی پردی وشکانی ئەوروپی ئاسیایی.[94]

لە ئێستادا چین دەستیکردووە بە بونیادناوەی ئەم رێگەیە لە ژێر ناوی پشتێنەی نوێی ئابوری کە بە (یەک پشتێنە یەک رێگا - One Belt, One Road) ناودەبرێت. لە مانگی (ئەیلولی ساڵی ٢٠١٣) دا سەرۆکی چین (شی) وتارێکی

---

[92] Prof Michel Chossudovsky (2017) Imagine What Would Happen if China Decided to Impose Economic Sanctions on the USA? https://www.globalresearch.ca/imagine-what-would-happen-if-china-decided-to-impose-economic-sanctions-on-the-usa/5598941

[٩٣] هبة حسام (٢٠١٧)، ماذا تريد أمريكا من الصين؟.. اليوم السابع: http://www.youm7.com/story/2017/4/22/%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D8%AA%D8%B1%D9%8A%D8%AF-%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D8%A7-%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-40-%D9%85%D9%86-%D8%AE%D8%B3%D8%A7%D8%A6%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B8%D8%A7%D8%A6%D9%81-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%8A%D8%A7%D8%AA/3200793

[٩٤] مايا جريديني (٢٠١٦)، ما هو طريق الحرير ولماذا أطلق عليه هذا الاسم؟، العربية: https://www.alarabiya.net/ar/aswaq/economy/2016/08/30/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%88-%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%B1-%D9%88%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D8%A3%D8%B7%D9%84%D9%82-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87-%D9%87%D8%B0%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D9%85%D8%9F.html

هەروەها

BBC Arabic (٢٠١٧) مشروع "طريق الحرير" الصيني: http://www.bbc.com/arabic/business-39922326

له یەکێک لە زانکۆکانی کازاخستاندا پێشکەشکرد بەشێوەیەکی فەرمی بانگەشەی بۆ دروستکردنی (پشتێنەی ئابوری) کرد.[٩٥]

ئەم پشتێنەیە بریتیە لە کەمپەینێکی گەشەسەندووی بە ناوبانگ، چین دەیەوێت بەهۆیەوە بازرگانی بەرەو پێشەوە بەرێت و گەشەی ئابوری لە سەرانسەری ئاسیا و دەرەوەی ئاسیاشدا چالاکتر بکات. خواستی چین ئەوەیە لە رێگەی ئەم پرۆژەیەوە تۆڕێک لە ژێرخانی ئابوری بونیادبنێت بۆ ئەوەی بیبەستێت بە دەوڵەتانەوە لە سەرانسەری جیهاندا. چین پلانی هەیە ساڵانە (١٥٠) ملیار دۆلار بخاتە ئەو پرۆژانەوە پشتێنەکە پێکدەهێنن، لەوانەش (راکێشانی هێڵی بۆری و تۆڕێک لە رێگای خێرا، وێستگەی وەبەرهێنانی وزە، کێڵگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە رێگای رەشەبا، کارگەکان و هێڵی ئاسنین، بەندەر لە پاکستان، پرد لە بەنگلادیش،[٩٦] پرۆژەی بەندەرێک لە سریلانکا،[٩٧] هێڵێکی خێرای شەمەندەفەر لە ئەندۆنیزیا[٩٨] و کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی لە کەمبۆدیادا[٩٩] و هێڵی ئاسن بۆ روسیا، هێڵی شەمەندەفەری نێوان رۆژهەلاتی چین و ئێران - کە دەکرێت فراوانبکرێت بۆ ئەوروپا، هێڵی ئاسنی نوێ لەگەڵ لاوس و تایلەند) نزیکەی ٢٠٠ کۆمپانیا واژۆی رێککەوتننامەی هاریکاریان کردووە بۆ ئەم پرۆژانە بە درێژایی رێگاکە. هەروەها رێککەوتنی دوولایەنەی پەیوەندیدار بە پرۆژەکەوە واژۆکردووە لەگەڵ هەر یەکە لە هەنگاریا، مەنگۆلیا، روسیا، تاجیکستان و تورکیادا،[١٠٠] بە بڕوای پەکین ئەم پرۆژەیە دەبێتە سەرەتایەک بۆ "سەردەمێکی نوێی جیهانگیری".[١٠١]

ئەم پرۆژەیە دوو بەش لە خۆدەگرێت:

١. پشتێنەی ئابوری (پشتێنە - Belt) کە رێگە فیزیکیەکەیە و بریتیە لە کۆمەڵێک خاڵی وشکانی لە چینەوە دەستپێدەکات و دەیبەستێتەوە بە ئەوروپا و بۆ باکوری ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی کە بە ناو چەقی ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێپەڕدەبێت.

---

[95] Tom Phillips (2017), The $900bn question: What is the Belt and Road initiative?, theguardian: https://www.theguardian.com/world/2017/may/12/the-900bn-question-what-is-the-belt-and-road-initiative
هەروەها
Tian Jinchen (2016), 'One Belt and One Road': Connecting China and the world, mckinsey: https://www.mckinsey.com/industries/capital-projects-and-infrastructure/our-insights/one-belt-and-one-road-connecting-china-and-the-world

[96] Tom Phillips (2017), The $900bn question: What is the Belt and Road initiative?, theguardian: https://www.theguardian.com/world/2017/may/12/the-900bn-question-what-is-the-belt-and-road-initiative

[97] Jessica Meyers (2017), Sri Lankans who once embraced Chinese investment are now wary of Chinese domination, Los Angeles Times: http://www.latimes.com/world/asia/la-fg-sri-lanka-port-2017-story.html

[98] Jing Shuiyu and Zhong Nan (2017), Indonesian rail project kicks off, chinadaily: http://www.chinadaily.com.cn/business/2017-04/06/content_28810172.htm

[99] Xinhua (2016), Chinese-operated industrial zone in southwest Cambodia gets 100th factory: http://www.xinhuanet.com/english/2016-06/07/c_135419228.htm

[100] Tian Jinchen (2016), 'One Belt and One Road': Connecting China and the world, mckinsey: https://www.mckinsey.com/industries/capital-projects-and-infrastructure/our-insights/one-belt-and-one-road-connecting-china-and-the-world

[101] Tom Phillips (2017), The $900bn question: What is the Belt and Road initiative?, theguardian: https://www.theguardian.com/world/2017/may/12/the-900bn-question-what-is-the-belt-and-road-initiative

٢. ڕێگای ئاوریشمی (ڕێگا - Road) کە لە ڕاستیدا ڕێگە نیە بەڵکو بریتیە لە ڕێڕەوە ئاویەکان کەناراوەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی چین دەبەستێتەوە بە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و دەریای ناوەڕاست هەتا ڤینیسیا لە ئیتاڵیا.[١٠٢]

**گەیشتنی یەکەم شەمەندەفەری چینی وەک سەرەتایەک بۆ زیندوکردنەوەی ڕێگای ئاوریشمی**




**سەرچاوە: مەوازین نیوز**

### ٢.٨ ئامانج لەم پرۆژەیە

سەرەڕای بوژاندنەوەی پەرەپێدانی ڕێگەی کۆنی ئاوریشمی لە ڕێگەی ڕاکێشانی هێڵی بۆری گازی سروشتی و نەوت و بونیادنانی تۆڕی ڕێگاوبان و ڕێگای ئاسنین و ڕاکێشانی هێڵی وزەی کارەبا و ئەنتەرنێت،[١٠٣] ئەم پرۆژەیە بازرگانی لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا بەرەوپێشەوە دەبات لەکەڵ تیشکخستنە سەر ئاشتی جیهانیی و گەشانەوەی شارستانێتی چینی.[١٠٤] ئامانجی دانانی پلانی ملیۆنیە بۆ ژێرخانی ئابوری و هێلەکانی ئاسن و ڕێگا ئاویەکان، سەرەڕای چالاککردن و هاندانی لێشاوەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی. پەکین دەیەوێت وێنەکەی نوێ بکاتەوە ئەوەش لە بڕوابوون بەوەی چین لایەنێکی کارای جیهانیە و هەروەها ڕەخنەگرێکی سیاسەتی پارێزگاری

---

[102] Cecilia Ma Zecha interview with Kevin Sneader, McKinsey's chairman in Asia, and Joe Ngai, managing partner of McKinsey's Hong Kong location. China's One Belt, One Road: Will it reshape global trade? Mckinsey: https://www.mckinsey.com/global-themes/china/chinas-one-belt-one-road-will-it-reshape-global-trade

[١٠٣] لارا عبيات (٢٠١٧)، ما هو طريق الحرير، موضوع:
http://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%87%D9%88_%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%B1#.D8.B7.D8.B1.D9.8A.D9.82_.D8.A7.D9.84.D8.AD.D8.B1.D9.8A.D8.B1_.D8.A7.D9.84.D8.AC.D8.AF.D9.8A.D8.AF

[١٠٤] مايا جريديني (٢٠١٦)، ما هو طريق الحرير ولماذا أطلق عليه هذا الاسم؟، العربية:
https://www.alarabiya.net/ar/aswaq/economy/2016/08/30/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%88-%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%B1-%D9%88%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%B0%D8%A7-%D8%A3%D8%B7%D9%84%D9%82-%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%87-%D9%87%D8%B0%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B3%D9%85%D8%9F.html

بەرهەمی ناوخۆییە (protectionism) کە لە لایەن سەرۆکی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت. لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی ئەم پرۆژەیەدا چین دەتوانێت قەبارەی بازرگانی بەرزکاتەوە بۆ (١٠) ترلیۆن دۆلار، لە حاڵەتی تەواوبوونی ئەم ڕێگەیەشدا چین گرنگیەکی جیۆسیاسی پەیدادەکات، و زۆربەی دەوڵەتان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سودمەند دەبن لە زۆری بەرهەمی چین، سەرکەوتنی پیشەسازی و هەناردەکانی چین بۆ دەوڵەتانی جیهان داهاتێکی ناڕاستەوخۆ دەبەخشنە ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێگەکە بە ناویدا تێپەڕدەبێت.[١٠٥]

هەروەها گەورەترین پلاتفۆرم لە جیهاندا بۆ هاریکاری ئابوری بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە دروستدەکرێت، کە هاوئاهەنگی سیاسەتەکان، هاریکاری بازرگانی و دارایی، هەماهەنگی کۆمەڵایەتی و کلتوری لە خۆدەگرێت لە میانی بەستنەوەی چین بە ئەوروپا (لە ڕێگەی ناوەندی ئاسیا)، و بە کەنداوی فارسی و دەریای ناوەڕاست (لە ڕێگەی ڕۆژئاوای ئاسیا)، و بە ئۆقیانوسی هیندی (لە ڕێگەی باشوری ئاسیا).[١٠٦]

ساغکردنەوەی زیادەی بەرهەمی پیشەسازی یەکێکە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی پشت ئەم پرۆژەیە، بۆ نمونە ساڵانە چین نزیکەی (١,١) ملیار تەن فۆلاز بەرهەم دەهێنێت (ئەو بڕەش یەکسانە بەو بڕەی هەموو دەوڵەتانی جیهان بەرهەمی دێنن)، بەڵام تەنها (٨٠٠) ملیۆن تەنی لە ناوخۆدا بەکاردەهێنێت.[١٠٧]

**نەخشەی ژمارە ١. ئەم نەخشەیە گرنگترین خاڵەکانی پشتێنەی ئابوری چین دەخاتەڕوو کە دوو ڕێگە لەخۆدەگرێت، پشتێنە و ڕێگاری ئاوریشمی ئابوری و ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی ٢١.**




**سەرچاوە: Xinhua**

---

١٠٥ د.أيمن عمر (٢٠١٨)، لبنان على خريطة طريق الحرير، النهار: https://www.annahar.com/article/742986-%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%AE%D8%B1%D9%8A%D8%B7%D8%A9-%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%B1

106 Tian Jinchen (2016), 'One Belt and One Road': Connecting China and the world, mckinsey: https://www.mckinsey.com/industries/capital-projects-and-infrastructure/our-insights/one-belt-and-one-road-connecting-china-and-the-world

١٠٧ شذى خليل (٢٠١٧)، طريق الحرير ...حزام اقتصادي يربط العراق بالصين، مركز الروابط للبحوث و الدراسات الأستراتيجيه: https://rawabetcenter.com/archives/57385

ئەم پرۆژەیە بایەخی بازرگانی و جیۆسیاسی دەبێت بۆ چین، دەسەڵاتدارانی چین بڕوایان وایە لە پێناو پاراستنی گەشەی ئابوری چیندا بە تەنها بازاڕی ناوخۆ بەس نیە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی بەڵکو پێویستی بە بازاڕی دەرەکی دەبێت، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت بگاتە بازاڕەکانی دەرەوە، سەرەڕای ئەوەش یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، و لەمەشدا چین یاریکەری سەرەکیە.[108] چین وەک گەورەترین دەوڵەتی بازرگانی، ئامانجی سەرەکی بریتیە لە کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوەی شمەک و کاتی گواستنەوەی، بۆ نمونە گواستنەوەی شمەک لە وێستگەی شەمەندەفەری چۆنگکینگ لە باشوری ڕۆژئاوای چینەوە بۆ دویسبۆرگی ئەڵمانی لە ڕێگەی سکەی شەمەندەفەرەوە تەنها دوو هەفتەی دەوێت لە کاتێکدا لە ڕێگەی دەریاوە (٢٨) ڕۆژی پێویستە.[109] هەروەها هاوردەکانی شمەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە ڕێگەی بەندەری غەوادری پاکستانەوە ٩٠ لە سەدی دوریەکەی کەمدەکاتەوە.[110] بەکورتی گرنگی و بایەخی ئەم پرۆژەیە لەم چوار خاڵەدا کورتدەکرێتەوە:

یەکەم: چین هەوڵدەدات پشتبەستن بە وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابوری ناوخۆییدا کەمکاتەوە، هەروەها ئەو گەشەیەشی لە وەها وەبەرهێنانێکەوە دێت کەمکاتەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کۆمپانیا چینیەکان لە بواری بیناسازی، دروستکردنی ئامێر و کەلوپەل، و کۆمپانیاکانی دیکە کە لەسەر گەشەی بونیادنانی دەوڵەتەکە گەشەیان کردووە بۆ دەرفەتی دیکە لە شوێنی دیکە بگەڕێن. پاڵنەری سەرەکیش لەم پرۆژەیە دۆزینەوەی دەرچەیە لە دەرەوە بۆ ئەم کۆمپانیایانە.

دووەم: تیشکخستنە سەر ژێرخانی ئابوری یارمەتی چین دەدات بۆ گەڕان و بەدەستهێنانی پێگەیەکی نێودەوڵەتی زیاتر بۆ رینمینبی، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی دراوەکەی بگاتە پێگەی دراوێکی یەدەگی جیهانی ( global reserve currency)، لەم هەوڵەشیدا چین پاڵپشتی روسیا و بازاڕە تازە گەشەسەندووەکانی دیکەی بەدەستهێناوە. بە ئامانجی پارەدارکردنی ئەو پرۆژانەی کە دراوی چینی تێدا بەکاردێت لە قەرزەکانی، لە ساڵی (٢٠١٥) دا چین پەیوەندیکرد بە (بانکی ئەوروپی بۆ بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە) و (بانکی ژێرخانی ئابوری و وەبەرهێنانی ئاسیایی) دامەزراند. لەم هەنگاوانەشیدا سەرکەوتووبوو. و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش دراوی چینی زیادکرد بۆ سەلەی دراوە جیهانیەکان.

سێیەم: دەسەبەرکردن و پاراستنی دابینکردنی وزەی چین لە ڕێگەی بۆریە نوێیەکانەوە لە ئاسیای ناوەڕاست، روسیا، بەندەرە قوڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. بەدەستهێنانی وزەی پێویست ترسێکی بەردەوامە بۆ کۆمپانیا چینیەکان. ژمارەی لۆریە تایبەتەکان لە ساڵی (١٩٩٠) لە (٨) ملیۆنەوە زیادیکردووە بۆ (١١٥) ملیۆن لە ساڵی (٢٠١٥) دا. لەگەڵ بەردەوامی گەشەی ئابوریدا خواستی چین لەسەر وزە ٥٠٠ لە سەد زیادیکردووە لە ساڵی (١٩٨٠) ەوە.

---

[١٠٨] alvexo (٢٠١٦)، طريق الحرير يعود من جديد كمشروع صيني عملاق: https://www.alvexo.ae/blog/market-outlook/china-silk-road

[109] Davide Monteleone (2018), A New Silk Road, China is investing billions in building pathways to Europe, Central Asia, and the Middle East, newyorker: https://www.newyorker.com/magazine/2018/01/08/a-new-silk-road

[110] Wu Hongyuran (2015), Bankers Behind 'Belt and Road' Business Surge, Caixin: http://english.caixin.com/2015-12-29/100893993.html

چوارەم: پێشکەوتنی ژێرخانی ئابوری لە دەوڵەتانی سەر پشتێنەی ئابوری گەشەکردن بەرزدەکاتەوە لە ئابوری ئەو دەوڵەتانەدا و لە دەرئەنجامیشدا بەشدار دەبێت لە زیادکردنی خواستی سەر شمەک و خزمەتگوزاریەکانی چین. لە ئازاری ساڵی (٢٠١٥) دا سەرۆکی چین رایگەیاندا بازرگانی ساڵانە لەگەڵ دەوڵەتانی سەر پشتێنەی ئابوری (٢,٥) ترلیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت لە ساڵی (٢٠٢٥) دا. لە دەیەی داهاتوودا لە دەوڵەتێکی وەک جۆرجیادا ئەو پرۆژانەی کە لە رێگەی پشتێنەی ئابوریە پارەدار دەکرێن گەشەی ساڵانەی ئابوری بە رێژەی (٥,١) بەرزدەکەنەوە ئەوەش رێژەیەکی بەرچاوە.[١١١]

## ٣.٨ پشتێنەی ئابوری: شۆڕشێکی ئابوری

وەک ئاماژەی پێدرا ئەم پشتێنە ئابوریە گەورەترین پلاتفۆرمی جیهانیە بۆ هاریکاری هەرێمایەتی، باڵدەکێشێت بەسەر پلانی ئاوەدانکردنەوەی مارشاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، نزیکەی ٦٥ لە سەدی دانیشتوانی جیهان لە خۆدەگرێت، و یەک لە سێی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانیی ( World Gross Domestic Product) دەگرێتەوە، هەروەها یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی نزیکەی یەک لە چواری هەموو شمەک و خزمەتگوزاریەکان لە جیهاندا. ئەم پرۆژەیەی سەرۆکی چین بە گەورەترین پاڵنەری گەشەسەندن لە مێژوودا پێناسە دەکرێت.[١١٢]

لە (١٤ ی ئایاری ٢٠١٧) لوتکەیەکی تایبەت بە دەستپێشخەری (پشتێنە و رێگای ئابوری) لە پەکین بەسترا، لەو لوتکەیەدا (٦٨) دەوڵەت تێیدا بەشداربوون و لە چەندین بواری جیاوازدا رێکەوتننامە واژۆکرا، و چین بەڵێنیدا بە پێشکەشکردنی (١٢٤) ملیار دۆلار وەک پاڵپشتیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دەستپێشخەریەکە، سەرەڕای (٤٠) ملیار دۆلاری دیکە کە پێشتر تەرخانکرابوو بۆ سندوقی رێگەی ئاوریشمی، لەگەڵ بەشداریکردنی بانکی ئاسیایی بۆ وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابوریدا بە بوجەیەک کە دەگاتە (١٠٠) ملیار دۆلار بە بەشداری (٧٠) ئەندامی بانکەکە،[١١٣] وە زیاتر لە (٦٠) دەوڵەت ویستی خۆیان پیشانداوە بۆ بەشداریکردن لەو پرۆژیەدا.[١١٤] بانکەکانی چین هەتاوەکو ساڵی (٢٠١٥) زیاتر لە (٢٥٠) ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە پرۆژەکانی ئەم پشتێنە ئابوریەدا کردووە کە خۆی دەبینێتیەوە

---

111 Simeon Djankov And Sean Miner (2016), China's Belt And Road Initiative: Motives, Scope, And Challenges, Peterson Institute for International Economics: https://piie.com/system/files/documents/piieb16-2_1.pdf

112 Tom Phillips (2017), The $900bn question: What is the Belt and Road initiative?, theguardian: https://www.theguardian.com/world/2017/may/12/the-900bn-question-what-is-the-belt-and-road-initiative

هەروەها

Cecilia Ma Zecha interview with Kevin Sneader, McKinsey's chairman in Asia, and Joe Ngai, managing partner of McKinsey's Hong Kong location. China's One Belt, One Road: Will it reshape global trade? Mckinsey: https://www.mckinsey.com/global-themes/china/chinas-one-belt-one-road-will-it-reshape-global-trade

١١٣ د.أيمن عمر (٢٠١٨)، لبنان على خريطة طريق الحرير، النهار: https://www.annahar.com/article/742986-%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%AE%D8%B1%D9%8A%D8%B7%D8%A9-%D8%B7%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%B1

114 Tian Jinchen (2016), 'One Belt and One Road': Connecting China and the world, mckinsey: https://www.mckinsey.com/industries/capital-projects-and-infrastructure/our-insights/one-belt-and-one-road-connecting-china-and-the-world

لە هێڵی ئاسنین و وێستگەکانی وزە، تەنها لە نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠١٥) دا کۆمپانیاکانی چین (١,٤٠١) گرێبەستی پرۆژەیان بە بەهای ٣٧,٦ ملیار دۆلار لە دەرەوە واژۆکردووە لەژێر پلانی ئەم پرۆژەیەدا.[١١٥] لەگەڵ ئەوەشدا چین کۆمەڵێک دەستکەوتی چنیوەتەوە لە پێشی هەموویانەوە کۆریدەری ئابوری چین – پاکستان کە بەهاکەی دەگاتە (٦٢) ملیار دۆلار[١١٦] هەورەها پرۆژەی بەندەرێک لە سریلانکا کە بەهاکەی دەگاتە (١,١) ملیار دۆلار،[١١٧]

